



# ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا

نووسینی: زاهید حەسەن و سۆما سەرحەد

------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## ناوەڕۆک:


**١- ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا:**

- ❋ پێشەکی.
- ❋ ناساندنی خێزان.
- ❋ مافە گەردوونییەکانی منداڵان.
- ❋ ئەرکی خێزان بەرامبەر بە منداڵ.
- ❋ خێزان و پەروەردەی منداڵ.
- ❋ چۆن دڵ و دەروونی منداڵەکەت بۆ خۆت ڕادەکێشیت؟.
- ❋ چەند پێشنیارێک بۆ تێگەشتی منداڵ و دایک و باوک لە یەکدی.
- ❋ کۆتایی.

**٢- ڕۆڵی پەروەردە لە بەدیهێنانی پرسی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا:**

- ❋ دەروازە
- ❋ فەلسەفەی پەروەردە
- ❋ چەمکی دیموکراسی
- ❋ ڕۆڵی پەروەردە لە بەدیهێنانی پرسی دیموکراسیدا
- ❋ دیموکراسیبوونی پەروەردە
- ❋ ئەو بەها دیموکراسییانەی ئامانجی پەروەردەن
- ❋ کۆبەند




سەرچاوە
Serchawe

۳- پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە:

* پێشەکی
* چەمکی پەروەردە
* مێژووی پەروەردە
* فەلسەفەی پەروەردە
* ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردە
* کۆتایی

٤- شانۆی منداڵ: ڕێگەیەکی سەردەمییانە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا:

* پێشەکی
* مەبەست لە شانۆی منداڵان چییە؟
* مێژووی دەرکەوتنی شانۆی منداڵان
* سوود و گرنگی و ئامانجەکانی پشت شانۆی منداڵان
* پێکهاتە سەرەکییەکانی شانۆی منداڵان
* تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵان
* کۆبەند

٥- پەروەردە و جوانی:

* پێشەکی
* بەها جوانەکانی پرۆسەی پەروەردە
* یەکەم بەهای ئازادی
* دووەم بەهای قارەمانێتی و ئازایەتی
* سێیەم بەهای ڕێز و خۆشەویستی
* چوارەم بەهای چالاکیی هونەری و وەرزشی
* پێنچەم جوانی ناوەند و پێکهاتەکانی خوێندن



سەرچاوە
Serchawe

* کۆتایی

**٦- پەروەردە و ستەمکاری:**

* پێشەکی
* لێکەوتەکانی ستەم و ستەمکاری
* پەروەردە؛ میکانیزمێک بۆ وەستانی ستەمکاری
* کۆتایی



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا



زاهید حەسەن، مامۆستای بنەڕەتی

سۆما سەرحەد، مامۆستای باخچەی منداڵان

## پێشەکی:

بۆ ماوەی هەزاران ساڵە و زیاتریش، خێزان کۆنترین یەکە و پەیکەری کۆمەڵایەتییە. ئێستایش لە زۆر جوگرافیای جیاوازدا خێزان یەکەم وێستگەی ژیان و هێلانەی مرۆڤەکانە. خێزان دامەزراوەیەکی بنەڕەتییە بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێویستییە گرنگ و ژیانییەکانی مرۆڤ و، لانەیەکی ئارامە کە هەستی ئارامی و ئاسایش دەبەخشێتە ئەندامەکانی. هەروەها خێزان بە یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە منداڵ لەنێویدا هەنگاوە سەرەتاییەکانی فێربوون دەست پێ دەکات.

منداڵ بەرهەمی خێزانە و، ماڵ جوانتر و ئاوەدان دەکات و مایەی دڵخۆشیی ئەندامانی خێزانە. خێزان لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لە خێزاندا منداڵ زمانی دەپژێت و دەکەوێتە گۆ و بە لاساییکردنەوەی دایک و باوک و گەورەکانی دیکە فێری هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت. بۆیە گرنگە خێزان زۆر بەوریایی و شارەزایی مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکات و ڕێگەی دروستی پەروەردەکردنی بگرێتە بەر. پەروەردەکردن کارێکی دژوار و سەخت

و وردەکارە، کارێکی تیۆری و کردارییە، کارێکی بەردەوام و هەرەوەزییە، ئەرک و لێپرسراوییەتییەکی گەورە و گرنگی خێزانە و، ئەرکێکی پیرۆزە. پەروەردە هەم زانستە و هونەرە؛ کارێکی ئاسان و هەڕەمەکیی بەڕێکردن نییە.

گرنگە خێزان بە ئامادەکاریی تەواو هەنگاوی ئەم ڕێگە گرانە بەپشوودرێژی بنێت. دەشێت خێزان بەشی پێویست هەڵگری شارەزایی و زانیاریی پەروەردە و شێوازەکانی پەروەردە و زانستەکانی دەروونناسیی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بن و، بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ ئەرکی پەروەدە بە ئەنجام بگەیەنن، چونکە خێزان و دایک و باوک ئەندازیاری بنیاتنانی کەسایەتیی منداڵن و لە نەخشی ژیان و بوونی ئاییندەی منداڵدا ڕۆڵیان هەیە. زۆر جار لە ئەنجامی نەبوونی هۆشیاری و سەختیی پەروەردەکردن، خێزان دەکەوێتە هەڵەی گەورەی وەک ئازاردان و بەزۆر سەپاندن و لۆمەکردن و پشتگوێخستن و شکاندنی منداڵ و دروستکردنی ژینگەیەکی توندوتیژ، کە کاریگەریی خراپی لە دروستکردنی کەسایەتیی خراپ و لاواز و لادەر و بێکەڵک دەبێت. بەڵام بە هۆشیاری و دڵسۆزیی خێزان، ئەستەم نییە ژینگەیەک دروست بکەن کە هەمووان تیایدا شاد و شکۆمەند بن و منداڵ بگەیەننە ئامانج و خۆشبەختی. ئێمە دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا تیشک بخەینە سەر ڕۆڵی خێزان لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانمان.

## ناساندنی خێزان:

لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا خێزان یان خانەوادە بە کۆمەڵێک ئادەمیزاد دەگوترێت کە لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین. چەندین پەیوەندیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت وەک: پەیوەندیی خوێن، ژن و ژنخوازی، شوێنی ژیانی هاوبەش، خزمایەتی، زمان، کەلتوور، نەریت و هتد.

لە بەشی زۆری کۆمەڵگەکانی مرۆڤدا خێزان یەکەی بنچینەیی کۆمەڵگەیە، بە کارگەی بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی مرۆڤ دادەنرێت و، ئۆرگانێکی گرنگی بەخێوکردن و پەرورەدە و ڕاهێنانی ژیانی ئاییندەی نەوەکانە.

خێزان ئەو دەزگە مەزنەیە کە سەرچاوەی ڕەفتار و بەها و مەعریفەیە بۆ نەوەکان. لە زۆربەی جوگرافیای جیهاندا خێزان هەڵنەوەشاوەتەوە و وەک یەکەیەکی تۆکمە بەردەوامە و پەیوەندییە مرۆییەکانی ناو خێزان گەرموگوڕن و، تا ئێستایش خێزان لێپرسراوی یەکەمی منداڵن و هەر خێزانیش ڕەنگرێژی کەسایەتیی منداڵەکانیانن.

## مافە گەردوونییەکانی منداڵان:

جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵان، کە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، باس لە هەندێک مافی بنەڕەتی بۆ منداڵان دەکات، کە خۆیان دەبینێتەوە لە:

١- **مافی وەرگرتنی ناسنامە**: لەو ڕۆژەوەی کە لەدایک دەبێت، پێویستە منداڵ ناو و نازناوێکی هەبێ و، لە تۆماری لەدایکبوون تۆمار کرابێت و، دەبێ ناسنامەی کەسی و ڕەگەزنامەی هەبێت.

٢- **مافی خۆشەویستی و ڕێزگرتن**: منداڵ پاش مافی ژیان، مافی خۆشویستنیشی دەبێت هەبێت؛ کۆمەڵێک کەسی وەک دایک و باوک و ئەندامانی دیکەی خێزان خۆشیان بوێت و بایەخی پێ بدەن و ڕێزی لێ بگرن.

٣- **مافی یەکسانی**: منداڵ دەبێت ئەم مافەی هەبێت. کوڕ یا کچ، خاوەن پێداویستیی تایبەتی یان تەندروست و باش بێ، لەسەر هەر ئاینێک بێ، ڕەنگی پێستی هەرچییەک بێت و، بە ڕەگەز لە چ نەتەوەیەک بێ و بە چ زمانێک بدوێ، دەبێت لەگەڵ یەکتر یەکسان بن.

٤- **مافی ژیان و تەندروستی**: منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە خواردنی باش و ئاوی پاکی بۆ دابین بکرێت.

٥- **مافی خوێندن و چوونە قوتابخانە**: منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە بچێت بۆ قوتابخانە و، فێری خوێندنەوە و نووسین و زانیاری ببێ.

٦- **مافی پاراستن لە توندوتیژی**: منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە بەئارامی و ئاشتی بژی و، دوور بێت لە توندوتیژی و شەڕ و ئاژاوە.

٧- **خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان**: منداڵی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان وەکوو منداڵێکی تەندروست و ئاسایی مافی ژیانی هەیە و، پێویستە پێداویستییە تایبەتییەکانی بۆ دابین بکەن و، زامنی ڕێز و شکۆداری و سەروەریی بکرێت.

٨- **بیمەی کۆمەڵایەتی**: منداڵ مافی ئەوەی هەیە سوود لە بیمەی کۆمەڵایەتی وەربگرێ.

٩- **ئەرک و ماف**: پێویستە دایک و باوک و مامۆستا و میدیاکان، بزانن کە ئەرکەکانی ئەستۆی منداڵ چین و مافەکانیشیان کامانەن.

١٠- **پاراستن لە دەمارگیری**: مافی منداڵە لە هەموو شێوازێکی دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی بپارێزرێ.

## ئەرکی خێزان بەرامبەر بە منداڵ:

منداڵ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵییەوەیە. هەموو مافێکی تایبەتی خۆی هەیە. بەپێی ڕاگەیاندنی

مافەکانی منداڵان، هەموو منداڵێک دەتوانێت ئەو مافانەی هەیەتی پێی شاد بێت، بەبێ جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و نەتەوە. کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە تا ئێستا نەتوانراوە منداڵ بە شێوازێک پەروەردە بکرێت کە هەموو مافەکانی بۆ فەراهەم بکرێت. ئەمەیش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە: کەمیی ئاستی ڕۆشنبیریی دایکان و باوکان و نەبوونی پلانێکی تۆکمە و پێشوەختە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەن دایکان و باوکانەوە؛ هەروەها دایکان و باوکان بەپێی ویست و مەزاجی خۆیان مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکەن نەک بەپێی پلان و بەرنامەی زانستی، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو جۆرە پەروەردە و ڕەفتارە چ کاریگەرییەکی لەسەر بونیاد و کەسایەتیی ئەو منداڵە لە داهاتوودا دەبێت. لە ئێستادا لە لایەن خێزانەکانەوە بە ئامانجی پێگەیاندنی منداڵێکی سەرکەوتوو، پەیڕەوی لە کۆمەڵێک شێوازی پەروەردە دەکرێت وەکوو:

١- **پەروەردە بە هێنانەوەی نموونەی بەرز**: لەم شێوازەدا پەیڕەوی لە هێنانەوەی نموونەیەکی جوان و سەرکەوتوو دەکرێت بۆ ئەوەی منداڵ بیکات بە پێشەنگی خۆی، بۆ نموونە سیفەتی کەسێک کە ناوبانگی هەبێت و خاوەن ڕەفتار و ڕەوشتی بەرز بێت.

٢- **پەروەردە بە ئامۆژگاریکردن**: لێرەدا لە پەروەردەکردنی منداڵدا، لە لایەن خێزانەوە پەنا بۆ ئامۆژگاریکردنێکی تەندروست دەبردرێت.

٣- **پەروەردە بە پاداشت و سزادان**: ئەمەیش پەیوەستە بە جۆری وەڵامدانەوە بۆ ئەو ڕەفتارەی منداڵەکە ئەنجامی دەدات، وەک: پاداشتکردنی منداڵ لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی دروست و گونجاو، سزادانی لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری نادروست بە ئامانجی دووبارەنەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە.

٤- **پەروەردە بە گێڕانەوەی چیرۆک**: پەروەردەکردن بە نموونەهێنانەوەی ڕووداوێک، وەک عیبرەتهێنانەوە کە کەسێک چیی بەسەر هاتووە بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەربگرێت.

بۆیە گرنگترین ئەرکی خێزان ناسین و زانینی داوا و خواست و مافەکانی منداڵە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی مافەکانی گەردوونیی منداڵ گەڵاڵەی کردووە. بە ناسینی مافەکانی منداڵ، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەرکی خێزانەکان و، گرنگە خێزان جێبەجێی بکات و لە ئەستۆی بگرێت. ئەو ئەرکانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری دەکەین، وەکوو:

١- خێزان دەست دەکات بە گۆشکردن و، ژیاندنی منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا تاکوو کاتی گەورەبوون.

٢- خێزان پێداویستییەکانی خۆراک و تەندروستی و جلوبەرگ بۆ منداڵ دابین دەکات و، منداڵ چەندەها ساڵ لەژێر سایەی سەرپەرشتی و پاراستنی خێزاندا دەژی.

٣- منداڵ گەلێ کاری جوان لە خێزانەوە فێر دەبێت وەکوو: پاکوخاوێنی.

٤- منداڵ لە خێزانەوە فێری خورەوشتی جوان و ڕێنماییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

٥- خێزان منداڵ فێری ڕێزگرتنی خەڵک و چۆنێتیی ئاخافتن لەگەڵیاندا دەکات.

٦- خێزان لە منداڵدا تۆوی خۆشەویستی و یارمەتیدانی خەڵک و ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی دەچێنێت.

٧- منداڵ لە خێزاندا، فێر دەکرێت کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و دەستدرێژی نەکاتە سەر مافەکانیان.

٨- ئەرکێکی گرنگی خێزانە کە منداڵ فێری ڕاستگۆیی و لێبووردن و ڕێزگرتنی بیروباوەڕی کەسانی تر و پێکەوەژیان بکات.

٩- منداڵ لە خێزانەوە فێر دەکرێ، لە پاکراگرتنی ژینگە و هەموو ئەو کەلوپەل و دەزگەیانەی کە موڵکی گشتین.

١٠- خێزان دەبێت ژینگەیەکی هێمن و ئارام دابین بکات تا منداڵ بە شێوەیەکی ئاسوودەیی و دڵنیایی بژی.

١١- منداڵ لە خێزانەوە فێری بنەما ڕێکخراوەییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت.

١٢- ئەرکە لەسەر خێزان کە منداڵ بخەنە بەر خوێندن و، هەموو پێدویستییەکانی بەردەوامبوونی لە خوێندن بۆ ئامادە بکات.

١٣- خۆشویستنی منداڵ و دەربڕینی خۆشەویستی کە منداڵ هەست بکات خۆشەویستە؛ ئەم هەستە بۆ گەشە و متمانەبەخۆبوونی پێویستە.

١٤- دەبێت خێزان منداڵ وەک مرۆڤ و کەسانێکی تایبەت سەرنج بدات و بایەخیان پێ بدات.

١٥- ڕێزگرتن لە کەسایەتیی منداڵ و ئازارنەدانیان و گوێلێگرتنیان و گفتوگۆکردن لەگەڵیان.

١٦- پەروەردەکردنیان بە هەستی بەرزی نیشتماندۆستی و خۆشویستنی وڵات و کارکردن و پاراستنی نیشتمان.

١٧- پێگەیاندن و پەروەردەکردنی لەسەر ڕەوشتی بەرز و باڵا و، دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتی لادەر و زیانبەخش.

١٨- بەشداری لە گەشەپێدانی هەمەلایەنەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی منداڵ.

١٩- گەشەپێدانی توانای عەقڵی و دەروونی و جەستەیی و چاودێریی تەندروستیی منداڵ.

## خێزان و پەروەردەی منداڵ:

خێزان یەکەمین قوتابخانەی منداڵە؛ یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە و بناغەی کۆمەڵگەیە. منداڵ لە خێزاندا چاو هەڵدێنێ و فێر دەبێت و وەردەگرێت. هەر خێزانێک بەپێی نەریت و بۆچوون و پێوەر و بەها و دونیابینیی خۆی شێوەی پەروەردەی منداڵەکەی دیاری دەکات و بە شێوەی سروشتی نەریت و بەها و نۆرمی خێزان دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵ و دەبێتە بەشێک لە بونیادی منداڵ و شکڵ و بوونی کەسایەتیی منداڵ.

پەروەردە، کارێکی سادە و سەرپێیانە نییە. کارێک نییە بتوانرێت فەرامۆش بکرێت، بەڵکوو ئەرکێکی پیرۆز و قورس و هەستیارە؛ پێویستی بە شارەزایی و ڕۆشنبیری و کارامەیی و ئارامی و پشوودرێژی هەیە، چونکە هەر هەڵەکردنێک لە پەروەردەدا دەرەنجام و کارەساتی نەخوازراو بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دایک و باوک لانی کەم دەبێت شارەزا و ئاشنا بن بە میتۆدەکانی پەروەردە و سایکۆلۆژیی منداڵ، تا بتوانن پەروەردەیەکی دروست و ئامانجدار ئەنجام بدەن.

یەکەم کاری خێزان لە پەروەردەدا، کارکردنە لەسەر خودی خۆیان. واتە دەبێت دایک و باوک خاوەنی کەسایەتیی باش و هەڵسوکەوتی جوان و شیاو بن، چونکە منداڵ زیاتر بە بینین و لاساییکردنەوە فێر دەبێت و وەردەگرێت و کاردانەوە دەنوێنێت. پێویستە خێزان لانەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و تەبایی و ڕێزگرتن بێت؛ لە ئاشتەوایی و ئارامی و سۆزدا بژین و هاوسۆز و میهرەبان بن بەرامبەر بە یەکدی. لە خێزان و ژینگەیەکی وادا منداڵەکان بەهرەمەند دەبن و تا ئەوپەڕی خۆشی و چێژ لەوە دەبینن کە دایک و باوکیان کەسانی تێگەیشتوو و پێگەیشتوون و بایەخیان پێ دەدەن. سەرەتای دەستبردن بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بە ناسینی سروشتی منداڵ دەست پێ دەکات. کەواتە دەبێت سەرەتا سروشتی منداڵ بەتەواوی بناسین و پێی ئاشنا ببن، ئەوکات دەزانرێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا بکرێت. بۆیە ئەوکاتەی کە زانرا منداڵ کێیە و، خێزان بە باشی لە منداڵ تێ گەیشت ئەوکات دەتوانرێت هەڵوێست و بڕیارەکان لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانمان ڕاست و دروست و لۆژیکی بن.

منداڵ کەرەستەی خاوە لە خێزاندا و مرۆڤی ئایندەی لێ دروست دەکرێت. خێزانی کارامە و ڕۆشنبیر بەتەنگ ژیانی منداڵەوەن و، کار دەکەن لەم کەرەستە خاوە مرۆڤێکی شاد و سەرکەوتوو و بەسوود دروست بکەن. بە یەک بەرنامە و شێوازی پەروەردە، کەسایەتیی منداڵ دروست دەکەن و، لە هەڵەی دوو جۆر کەسایەتی (شیزۆفرینیا) دەیپارێزن.

خێزان بە گرنگیپێدان و کاتدانان و پێدانی خۆشەویستی و گوێگرتن لە منداڵ و بەشداریکردن لە یاری و ئارەزووەکانی منداڵ، هەنگاوی گەورە بە ئاراستەی دروستی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ دەنێت. بوونی پەیوەندیی توندوتۆڵی منداڵ لەگەڵ دایک و باوک، منداڵ شاد و ئاسوودە دەکات و هێمای گەشە و پێشکەوتن لە خۆیدا نیشان دەدات. کاتێک خێزان متمانە دەبەخشێتە منداڵ و لێپرسراوێتیی پێ دەدرێت، دەبێتە هۆی متمانەبەخۆبوون و سەربەخۆبوون.

ئامانج لە پەروەردەی منداڵ لە خێزاندا ئەوەیە، یارمەتیی منداڵ بدرێت بە دروستی گەشە بکەن و، بەجوانی پێ بگەن و، بە ڕەوشتی باش ڕەفتار بکەن و کۆمەڵایەتی بن و، پشت بە توانا و لێهاتووییەکانی خۆیان ببەستن و، توانای چارەسەر و تێپەڕاندنی کێشەیان هەبێت و، هەست بە لێپرسراوێتی بکەن و تاکی چالاک و بەرهەمهێنەر بن و، دەست بە ڕەوشتی جوان

و بەهای نیشتمانییەوە بگرن، مرۆڤدۆست و ژیاندۆست و ژینگەدۆست بن؛ ئەو مرۆڤانە بن بەتەنگ ژیان و مرۆڤ و نیشتمانەوە دەبن.

### چۆن دڵ و دەروونی منداڵەکەت بۆ خۆت ڕادەکێشیت؟

دایک و باوک بۆ ئەوەی بتوانن هەست و دڵ و دەروونی منداڵەکانیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، دەبێت پەیڕەوی لە کۆمەڵێک خاڵ بکەن، ئەوانیش خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

١- گوێگرتن و ڕێزگرتنی لە کاتی قسەکردندا.
٢- بەشدارپێکردنی لە کاتی ئەنجامدانی هەندێک کاردا.
٣- جوان پێشوازیکردنی لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.
٤- پاداشتکردنی لە بەرامبەر کارە باشەکانی.
٥- زیادکردنی خۆشەویستیی نێوانیان، بە یاریکردن لەگەڵی و لەباوەشگرتنی.
٦- دیاری پێشکەشکردن لە کاتی سەرکەوتنی لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەدا.

### چەند پێشنیارێک بۆ تێگەشتنی منداڵ و دایک و باوک لە یەکدی:

بۆ ئەوەی دایکان و باوکان وا لە منداڵەکانیان بکەن کە گوزارشت لە هەست و سۆز و کێشە و پێداویستییەکانیان بکەن و، تێگەیشتنێکی باش لە نێوانیاندا هەبێت، دەبێت ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەن لەوانە:

١- پێویستە ئەو هەستە لای منداڵ پەیدا بکەن کە ئێوە لە پشتیانن و هەر پێداویستییەکیان بوێت بۆیان دابین دەکەن.
٢- کاتێک ویستت قسە لەگەڵ منداڵەکەت بکەیت، بەپێوە مەوەستە، بەڵکوو دابنیشە و خۆت بخە ئاستی منداڵەکەوە، چونکە قەبارەی ئێوە گەورەترە لە ئەوان و، بێ گومان دەترسن.
٣- ئەگەر منداڵەکەت ویستی شتێکی تایبەتت لە لا باس بکات، ئەوا ببە ژوورێکەوە و بەتەنیا قسە بکەن.
٤- ئەگەر مندڵەکەت شتێکی گوت و بە دڵت نەبوو، هەوڵ بدە هەستی بریندار نەکەی.
٥- هەوڵ مەدەن ڕەخنە لە منداڵەکانتان بگرن لە کاتی قسە کردندا، چونکە ئەمە وای لێ دەکات کە لە قسەکردن لە کاتێکی دیکەدا بترسێت.

٦- کاتێک منداڵەکەت قسە دەکات، قسەی پێ مەبڕە؛ ڕێگە بدە هەموو قسەکانی بکات بەبێ سەپاندنی بیروبۆچوونی خۆت. ئەگەر ئەمە نەکەیت ئەوا منداڵەکەت ڕاستیت لێ دەشارێتەوە.
٧- دڵنیایان بکەنەوە کە گوێیان لێ دەگرن و قسەکانیان گرنگە بۆتان.

### کۆتایی:

خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە، یەکەیەکی پیرۆز و گرنگە، یەکەمین دەزگەی پەروەردە و گەشەی منداڵە. خێزان ئەرکی گران و دژواری پەروەردەی لە ئەستۆدایە، چونکە خێزان بە فەرامۆشکردنی منداڵ یان بە شێوازی توند و ستەمکاری، یان بە شێوازی هەڵەی پەروەردەکردن کارەساتی گەورە تووشی ئایندەی نەوەکان و ژیانیان دەکات. مرڤی بوودەڵە و ترسنۆک و شەرمن و لاواز و ڕەفتار خراپ دەخاتە کۆمەڵگەوە و دەبنە گرفت بۆ خۆیان و کۆمەڵگەیش؛ دەبنە هۆی تێکدانی ئاسایش و بەختەوەریی مرۆڤەکانی تر. بەپێچەوانەیشەوە ئەو خانەوادانەی گرنگی بە منداڵ و پەروەردەیان دەدەن و لە خەمی ئایندەی منداڵدان و بە هاوکاری و شارەزایی و دڵسۆزییەوە پەروەردەی منداڵەکانیان دەکەن، بێ گومان تاکی بەسوود و ئازا و چالاک و بەهێز و هێمن و خوڕەوشتبەرز پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکەن.

٢٠ - ٩ - ٢٠١٨

---

## ڕۆڵی پەروەردە لە بەدیهێنانی پرسی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا

### دەروازە

ئەگەرچی تاکوو ئێستا دیموکراسی بە یەکێک لە عاقڵانەترین و مرۆیانەترین ڕێگەی ژیان و سیستەمی حوکم لەنێو گەلانی پێشکەوتووی جیهاندا پەسەند دەکرێت، بەڵام لەنێو بەشێک لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانیشدا دیموکراسی وەک کاڵایەک هاوردە کراوە و، بە بەری کۆمەڵگەدا دەکرێت، بەبێ بوونی زەمینەی لەبار و ئامادەیی خودی کۆمەڵگەکە. ئەم جۆرە لە دیموکراسی -دیموکراسی هاوردەکراو- دەبێتە سیستەمێکی شکڵی و کورتکردنەوەی لە چەند کردەیەکی سیاسیدا و، هیچ گۆڕانکارییەک لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەدی ناهێنێت. کاتێکیش دیموکراسی وەک سیستەمی حوکم و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

بەگونجاو دەزانرێت، کە بیر و تیۆرییە دیموکراسییەکان ببنە کەرەستەی بیرلێکراوە و کارکردن و، ڕەگەکانی بە ناو قووڵاییی کۆمەڵگەدا ڕۆ بچێت و ببێتە فەرهەنگی بەرهەمهێنراوی کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاک. پەروەردە یەکێکە لە ڕێگە گرنگ و بنەڕەتییەکان کە دەتوانێت تاکی کۆمەڵگە بە ئاراستەی دیموکراسیدا ببات و ژیانێکی دیموکراسییانە بونیاد بنێت، چونکە دیموکراسی و بنەماکانی، دەبنە ڕوانگە و دونیابینیی پەروەردە و، لەوێوە ئامانج و کارە مەیدانییەکانی پەروەردە ئاراستە دەکرێن. پەروەردە واتە دەستەبەری ڕەفتاری عەقڵانی و ئەخلاقی لە ژیانی مرۆڤدا؛ لەبەر ئەوەیە پەروەردە، پایە و بنەماکانی دیموکراسییش پێک دەهێنێت. ئێمە دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا تیشک بخەینە سەر ڕۆڵی پەروەردە لە بەدیهێنانی پرسی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا.

## فەلسەفەی پەروەردە

پەروەردە، کردەیەکی پەروەردەیی و مۆراڵی و ئاکارییە بە ئامانجی گەشەکردنی منداڵ و فێرخواز بە پێگەیشتن و گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتیی دروست و، لە پاراستنی داب و نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشی دەکات. پەروەردە هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی هاووڵاتییەکی باش و چاک؛ هەروەها کار دەکات لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو باشتر و پێشکەوتووتر لە ڕێگەی دیموکراتیزەکردن و بەکەلتووریکردنی دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان.

لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت بڵێین پەروەردە ئامرازێکە بۆ بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، بە جۆرێک کە ئامانجی بنەڕەتیی پەروەردە گەشەی بیر و ئەندێشە و بەکارهێنانی زیرەکییە. کەواتە پەروەردە لە پێناوی ئازادییەکانی مرۆڤدا کار دەکات و، بۆ پەرەپێدانی کەسایەتیی مرۆڤ و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی، هەوڵ دەدات.

## چەمکی دیموکراسی

چەمکی دیموکراسی وەک هەر چەمک و زاراوەیەکی دیکە خاوەنی چەندین پێناسە و شیکاری جیاوازە، بە جۆرێک هەر پسپۆڕ و بیرمەندێک لە گۆشەنیگا و دیدگەیەکی تایبەتەوە لەم چەمکە دەڕوانێت و، لەگەڵ ئەوەیشدا هەرچەندە چەمک و پێناسەکانی دیموکراسی لە ڕووی شێوە و پێکهاتە و ڕستەکانەوە جیاواز بن بەڵام لەناوەڕۆکدا لە یەکتر نزیک دەبنەوە و لە خاڵێکدا یەک دەگرن. "ئەبراهام لینکۆڵن" (Abraham Lincoln)، شازدەیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پێناسەی دیموکراسیدا دەڵێت: "دیموکراسی بریتییە لە حوکمی گەل لە لایەن گەلەوە بۆ گەل." هەروەها "جۆزیف شۆمپیتەر" (Joseph Schumpeter)، بیرمەندی ئەمریکی، لە پێناسەی چەمکی دیموکراسیدا دەڵێت:



سەرچاوە Serchawe

"دیموکراسی بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو کە ئامانجی دروستکردنی بڕیاری سیاسییە، کە لە ڕێگەی بەشداریی تاکەکان و لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن و کێبڕکێ و گرتنەدەستی دەسەڵات ئەم ئامانجە دێتە دی." بە بڕوای "ئەنتۆنی گیدنیز" (Anthony Giddens)، کۆمەڵناسی ئینگلیزییش، مەبەست لە دیموکراسی، سیستەمێکی سیاسییە کە خاوەنی سێ تایبەتمەندی بێت: فرەحزبی، هەڵبژاردنی ئازاد و دەسەڵاتێکی یاسایی.

هەروەها دیموکراسی شێوازێکە لە شێوازەکانی سیستەمی سیاسی، کە بەندە لەسەر کۆڕایی یاخود کۆدەنگی و کۆبوونەوە لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات و حوکمکردنی زۆرینە و پاراستنی مافەکانی تاک و کەمینە. کەواتە، دیموکراسی بەدیهێنەری ژیانێکی سەربەستانەی مرۆڤەکانە، زۆرکردنی دەرفەت و بواری کارکردنە، پڕکردنەوەی حەز و ئارەزووە خۆڕسکییەکانییەتی وەک: خواردن و خواردنەوە و سێکسکردن، شکاندنی تینوویێتیی زانست و زانین و، هونەری و کەلتوورییە.

## ڕۆڵی پەروەردە لە بەدیهێنانی پرسی دیموکراسیدا

پەروەردە و دیموکراسی پەیوەندییەکی بەهێز و بەیەکداچوویان هەیە و کاریگەری و جێکەوت لەسەر یەکدی دادەنێن. پەروەردە، بوونێکی دیموکراسییانەی تەندروستی نابێت، بەبێ بوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەی بونیادنراو لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بڕوابوون بە جیاوازی و ڕێزگرتن؛ بۆیە پەروەردە ڕەنگدانەوەی شێواز و سیستەمی کۆمەڵگەیە. هەروەها دیموکراسی بوونی نابێت، بەبێ بوونی پەروەردەیەکی تۆکمەی پاڵپشت بە فەلسەفە و ئامانجی داهێنەرانە و بەرهەمهێنانی چالاکی و لێهاتوویی و ڕەفتاری باش و عەقڵانی.

پەروەردە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە دەسەبەرکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا هەیە. کاتێک دیموکراسی و ئازادی دەبنە ئاراستەی پەروەردە و دیاریکەری ڕەوشی پرۆسەی پەروەردە، ئەو کاتە پەروەردە دەبێتە مەیدانی کارکردن و بەرهەمهێنانی دیموکراسی و، دیموکراسی دەبێتە ڕوانگە و جیهانبینی و ئامانجی پەروەردە. هەر بۆیە پەروەردە کۆڵەکە و بنەماکانی دیموکراسی پێک دەهێنێت. تاکی دیموکرات کە بنەمای کۆمەڵگەی دیموکراسە، ئەوا ڕەفتاری دیموکراتییانەی ئەو تاکە دەبێتە ئامانجی پەروەردە.

پەروەردە ئامرازێکی گرنگە بۆ زانین و فێربوونی بنەماکانی دیموکراسی و بنیاتنانی لە کۆمەڵگەدا، وەک پێویستییەک بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ. دیموکراسی وەک ئامرازی گەیشتن بە ئارەزووەکانی مرۆڤ، دەبێت بە ڕێڕەوی پەروەردەدا تێ پەڕێت و منداڵ قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵیدا بێت.



سەرچاوە
Serchawe

بە دیوێکی دیکەدا دیموکراسی، فەرهەنگ و مامەڵەیە؛ تێگەشتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕا و دیدی جیاواز، کە منداڵ لە پەروەردەیەکی دیموکراسیدا فێری دەبێت. بۆ ئەوەیش کە بنەماکانی دیموکراسییەت هەرس بکرێت و ببێتە دونیابینی و ڕەفتاری مرۆڤ، دەبێت لە قوتابخانەوە دەست پێ بکات و کۆی کۆمەڵگە بگرێتەوە. بۆیە دەبێت قوتابخانە مەیدانی دیموکراسی بێت، تا بوار بدرێت قوتابیان و خوێندکاران لە دروستکردنی کۆمەڵگە و چارەسەری کێشەکاندا بەشدار بن.

پەروەردە ماددەی خاوی دیموکراسیی دروست و گشتگیر دەخاتە بەردەست؛ پەروەردە دەتوانێت کرداری فێربوون و فێرکردنێکی وا بەردەست بخات کە برەو بە پێشکەوتنی تاک بدات؛ تاکێک خۆی وەک کەسایەتییەکی گرنگی کایە کۆمەڵایەتییەکان ببینێت. دیموکراسی پشت بەو تاکانە دەبەستێت کە گرنگی بە یەکدی و کۆمەڵگە دەدەن و لە کێشەکێش و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و کار بۆ هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی دیموکراس و کراوە و مرۆڤدۆست دەکەن.

دەبێت ئەوەیشمان لەیاد بێت کە پەروەردە بەدیموکراسی ناکرێت، تا کۆمەڵگە نەکرێت بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی؛ هەروەها کۆمەڵگەیش بەدیموکراسی ناکرێت، تا پەروەردە نەکرێت بە پەروەردەیەکی دیموکراسییانە، چونکە پەیوەندیی نێوان فێرگە و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە. دیموکراسییەکی ڕووکەشی دەوڵەت کە تەنیا بابەت و مەسەلە پەراوێزەکان بگرێتەوە و واز لە بابەت و مەسەلە کرۆکییەکان بهێنێت، هیچ شتێکی باش بەرهەم ناهێنێت. واتە دیموکراسیی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە سەرکردە و هاووڵاتیان وەکیەک لە پرۆسەی دیموکراسیدا هاوبەش بن.

کەواتە فێرگە هەموو بەرپرسیارێتییەک دەگرێتە ئەستۆ بۆ گۆڕانکارییە دیموکراسییەکانی کۆمەڵگە بە ڕێگەی پێگەیاندنی فێرخوازە لاوەکان و ئامادەکردنیان بۆ پاشەڕۆژێکی گەشەدار. هەروەک فەیلەسووفی ئەمریکی "جۆن دیوی" ( John Dewey ) دەڵێت: "تێکەڵبوون و تێکهەڵکێشانی کۆمەڵگە، باشترین جۆر و ئامرازی بەدیموکراسیکردنە، نەک تەنیا لە بواری سیاسەتدا بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا؛ لە خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و کەنیسە و شوێنی کاردا. ئەم نموونەیە لە دیموکراسی ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، تەنیا لە ڕێگەی ئامادەباشییەکی دەروونییەوە نەبێت، کە پێویستە ئەم ئامادەباشییە بەتەواوەتی لە فێرگەکاندا چەسپاو بێت."

دەبێت بەرنامە سیاسییەکان ئامادەییەکی کردەییان لەناو سیستەمی پەروەردەکردندا هەبێت، بەڵام نەک بە دامەزراندنی حزب و قەوارە سیاسییەکان لەناو فێرگەدا، بەڵکوو بە جێگیرکردنی فەرهەنگی دیالۆگ؛ دیالۆگێک کە قبووڵی دیالۆگکردنی بەرامبەری بکات تا لە ڕێگەی قبووڵکردنی ڕەخنە و جیاوازییەکانەوە یەکبوون دروست بێت؛ ئەمەیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە چەند بیر و بۆچوون و دیدگەکانمان جیاواز بێت، هەموو دەچێتەوە خزمەتی یەک مەبەست و یەک ئامانج، ئەویش

پێشخستنی تاک و کۆمەڵگەیە.

پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی، گرنگترین ئامرازە بۆ ناساندنی فێرخواز و قوتابی بە ئەرک و مافەکانیان، بەجۆرێک کە دەزانێت مافەکانی چین و، ئەرکەکانی سەرشانیشی کامانەن، هەروەها بە گیانی هاووڵاتیبوون و مرۆڤدۆستییەوە کار دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا و، بەهای پێکەوەژیان لە ناخیدا چرۆ دەکات و، توندڕەو و دڵڕەق نابێت لەگەڵ هاوڕێ و هاوەڵەکانیدا. بۆیە فێرگە و قوتابخانەکان بۆ ئەوەی ببن بە فێرگەیەکی دیموکراسییانە و هەڵگری فەرهەنگی دیموکراسی بن، ئەوە پێویستە پاک بکرێنەوە لە ململانێ توندەکان و جیاکاریکردنی توخم و ڕەگەز و زمان و نەتەوە و هتد. دەیشبێت هەموو جیاوازییەکان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە لە نێوان فێرخوازاندا بسڕدرێتەوە، تاکوو هەموو فێرخوازان وەک یەک سوود لە زانین و فێربوون وەربگرن.

## دیموکراسیبوونی پەروەردە

بۆ ئەوەی پەروەردە کاریگەریی گەورەی لە بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە هەبێت و، تاکی دیموکراسیی پڕچەک بە بەهاکانی دیموکراسی پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات، پێویستە کەلتووری دیموکراسی لە پەروەردەدا قووڵ ببێتەوە و، ڕاستەوخۆ فەلسەفە و ئامانجی دیموکراسییانەی پەروەردە لەسەر ڕەوشی پەروەردە و، ڕەوشی فێرکردن و وانەوتنەوە و شێوازی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان کاریگەر بێت.

دیموکراسی لە قوتابخانەکاندا، لە باڵەخانەی قوتابخانەوە دەست پێ دەکات. پێویستە تەلارسازیی فێرگەکان بە جۆرێک بێت کە ژینگەیەکی کراوە و ترسڕەوێن بن، بۆشاییی زۆری تێدا بێ کە ڕێگە بە جووڵەی ئازادانەی قوتابی بدات و، دوور بێت لە شێوازی زیندانییانە و بەرهەمهێنەری ترس و ڕق لە لای قوتابی. دیوار و پەنجەرەی پۆل و مێزی پۆلەکان ڕەچاوی دۆخی قوتابی و جیاوازیی تاکایەتی بکات و دوور بن لە هەر سزا و هەڵەیەکی دەروونی و ڕۆحی و جەستەیی. ڕێگەی وانەوتنەوە، ڕێگەی هاچەرخ و دیموکراسییانە بێت و دوور بێ لە هەر توندوتیژی و چەوساندنەوەیەک. پەیوەندیی قوتابی و مامۆستا پەیوەندییەکی مرۆییانە و خۆشەویستانە بێت کە لەسەر بناغەی میهرەبانیی مامۆستا و گوێگرتن و تێگەشتن و ڕێزگرتن و هاودەردیکردن وەستاوە. بەڕێوەبردنی قوتابخانە، بەڕێوەبردنێکی دیموکراسییانە بێت و دوور بێ لە هەر خۆسەپاندن و ستەمکارییەک و، کارەکان بە شێوەی هەرەوەزی و بەشدارییپێکردن بەڕێوە ببردرێت؛ ئەم جۆرە لە قوتابخانەی دیموکراسی، ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژینگەی قوتابخانە و ڕەفتاری مامۆستا و قوتابی.



سەرچاوە
Serchawe

"جۆن دیوی"، فەیلەسووفی بواری پەروەردە، باس لەوە دەکات کە پێوستە قوتابخانە کۆمەڵگەیەکی بچووککراوەی دیموکراسی بێت. بۆیە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان هەوڵی دیموکراتیزەکردنی فێربوون و فێرخوازی دەدەن، لە نێوەندی گشتگیرکردنی بەرنامەکان و یەکبوونی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن و بڕیارەکان، لەگەڵ ئەوەی فرەجۆر و فرەشێوە و ناوەڕۆکن؛ هەروەها بەخۆماڵیکردنی فێربوون و ناچاریکردن و بەپێویستکردنی لەسەر هەموو منداڵێک، تا دەوڵەت بتوانێت نەخوێندەواری و نەزانین و هەژاری و دواکەوتوویی تێ پەڕێنێت.

فێرخواز لە فێرگەی دیموکراسی و دامەزراوە دیموکراسییەکاندا فێری دیموکراسی دەبێت و، لەگەڵ ژینگە پڕ لە ئازادییەکانیدا ڕا دێت. کاتێک باس لە دیموکراسیی فێربوون دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە فێربوون خەسڵەتێکی میللیگەراییانەی هەیە کە هەموو کەسێک بەبێ هیچ جیاکارییەک سوودی لێ وەردەگرێت. فێرگەی دیموکراسی، بە ڕووی هەژار و دەوڵەمەنددا کراوەیە و بە ڕێگەیەکی دادپەروەرانە بوار بۆ هەموو لایەک دەڕەخسێنێت.

### ئەو بەها دیموکراسییانەی ئامانجی پەروەردەن

گرنگترین ئەو بەها دیموکراسییانەی پەروەردە هەوڵ دەدات بیانکاتە ڕەفتاری تاک و فەرهەنگی کۆمەڵگە، لە چەند خاڵێکدا دیاری دەکەین؛ دەیشتوانین بڵێین ئەم بەهایانە ئامرازی فێرکاریی دیموکراسییشن لە قوتابخانەکاندا، وەکوو:

**یەکەم ئازادی**: پەروەردە ئازادیی ئەرێنی فەراهەم دەکات. ئازادیی ئەرێنی، واتە توانای تاکەکان و هەڵبژاردنەکانیان لەخۆ بگرێت، تا هەوڵەکانیان بۆ بەرژەوەندییەکانیان بخەنە گەڕ و تاکێکی داهێنەر و بەبەرهەم بن، تا لە ڕێگەی ئەم جۆرە لە تاکی بەسوود و ئازادەوە، بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بەرجەستە ببن. پەروەردە، ئازادی وەک ئامرازی فێرکردن بەکار دەهێنێت و ئازادی بۆ مامۆستا و قوتابی فەراهەم دەکات. بەمجۆرە دەبینن ئازادیی هزر و ڕەفتاری قوتابی هەنگاوێکی گرنگە کە بەم ڕێگەیەوە دەتوانێت توانا و لێهاتووییەکانی خۆی دەربخات.

**دووەم دەرفەتی یەکسان**: پەروەردە کار دەکات لە ڕێگەی چالاکییەکان و ئەرک و مافەکانەوە و بۆ سوودوەرگرتن لە توانا و لێهاتووییەکانیان، دەرفەتی یەکسان بدات بە تاکەکانی و، بەم شێوەیە کەشێک لە گۆڕینەوەی بیروڕا و پێشکەوتن و ئەزموونەکان دروست دەبێت و کارلێکی نێوان تاکەکانیش دروست دەبێت. ئەم کارلێک و بەرخورد و داهێنان و ڕەخنەی تاکەکان، دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لە نەریت و دۆخی باوی کۆمەڵگە؛ دواجار کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی دەبنە شوێنی ڕەخساندی دەرفەت بۆ تاکەکانی.

**سێیەم دروستکردنی پەیوەندی**: پەروەردەی دیموکراسییانە، کار دەکات بەربەست و دابڕانی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگە کەم کاتەوە. لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا تاکەکان دەتوانن لە چالاکییەکاندا بەئاسانی پەیوەندی پێکەوە بکەن. لێرەوە دیموکراسییەت هەلی گونجان و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و بەشداریی ئازادانە لە کێشە و ئەرک و بەرژەوەندییە گشتییە هاوبەشەکاندا دەڕەخسێنێت.

**چوارەم نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی**: سەرەکیترین هۆکاری دابڕانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە یەکتر، بوونی جیاوازییە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە. جیاوازیی چینایەتی، کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندی و خەمە هاوبەشەکان و پەیوەندیی نێوان تاکەکان جێ دەهێڵێت. ئەم جۆرە دابڕانە کار دەکاتە سەر بچووککردنەوەی چالاکی و ئەزموونی تاکەکان لە بازنەیەکی داخراودا. بوونی جیاوازیی چینایەتی، جۆرێک لە دابڕانی وەستاو بۆ تاک دێنێتە ئاراوە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی خودگەرایی و خۆپەرستی لای تاکەکان. بۆیە پەروەردە هەوڵ دەدات لە قوتابخانەدا هاوبەشی و بەشداریی کارا لە نێوان تاکەکان بەبێ جیاوازی بەدی بهێنێت.

**پێنجەم دابینکردنی هەلی یەکسان لە خوێندندا**: هەلی فێرکردنی یەکسان، یەکێکە لە بنەماکانی پەروەردەی دیموکرات و کۆمەڵگەی دیموکرات، چونکە مافی هەر تاکێکە دەوڵەت هەلی بۆ بڕەخسێنێت تا هاووڵاتییەکی شکۆمەند و سوودبەخش بێت بۆ کۆمەڵگەکەی. بۆیە پەروەردە بۆ پێشکەشکردنی هەلی فێرکردنی یەکسان بۆ سەرجەم تاکەکان کار دەکات بەبێ جیاوازی، تا بتوانن توانا و لێهاتووییەکانیان تاقی بکەنەوە و پەرە پێ بدەن.

## کۆبەند

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پەروەردە و دیموکراسیدا هەیە؛ هەر کۆمەڵگەیەک بڕیار بدات دیموکراسی بێت، ناکرێت پەروەردەکەی نائازاد و ستەمکار بێت. هاوکێشەی دیموکراسی و ئامانجی پەروەردە پێکەوە بەرجەستە دەبن. پەروەردە مەیدانی چاندنی بەهاکانی دیموکراسییە لە ژیانی کۆمەڵگەدا. پەروەردە ئامرازی ڕاهێنان و فێرکردنی تاکەکانە بە بنەماکانی دیموکراسی و ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگەدا؛ هەروەها پەروەردە لە ڕەنگرێژکردنی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی بە سیمای دیموکراسی، ڕۆڵی مەزن دەگێڕێت.

پەیوەندیی پەروەردە بە دیموکراسییەوە، پەیوەندییەکی یەکجار بەهێزە؛ بە جۆرێک ناتوانرێت قسە لەسەر فێربوون و ئازادییە تایبەت و گشتییەکان بکرێت لە حاڵەتی نەبوونی دیموکراسیی ڕاستەقینەی هەڵچنراو لەسەر بنەمای یەکسانی و



سەرچاوە
Serchawe

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بڕوابوون بە جیاوازییەکان و داننان بە پلۆرالیزمدا. هەروەها ناتوانرێت قسە لەسەر دیموکراسی بکرێت لە حاڵەتی نەبوونی پەروەردەیەکی ڕاستەقینەی بنیاتنراو لەسەر بەها و ئاکارە بەرزەکان. لێرەوە دەبینین کە پەروەردە و دیموکراسی وەک پارەی نەختینەیی، پەیوەستن بە یەکترەوە؛ پەروەردە بێ دیموکراسی نابێت و دیموکراسییش بێ پەروەردە نابێت.

لە هەموو ئەمانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە پەروەردە پێوەندییەکی ئۆرگانیی هەیە بە دیموکراسییەوە. ناتوانرێت قسە لەسەر پەروەردەیەکی ڕاستەقینە بکرێت، تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییدا نەبێت کە بڕوای بە مافی مرۆڤ و ئازادییە تایبەت و گشتییەکان هەبێت؛ هەروەها بڕوای بە پلۆرالیزمی زمانی و ئایین و ئایینزایی و حزبی و ڕەگەزیی هەبێت. بۆیە پێویستە منداڵ ڕا بهێنرێت لەسەر ڕەفتاری دیموکراسی لەناو خێزان و یەکەم ڕۆژی پەیوەندیی بە فێرگەوە لە کەشێکی تژی لە ئازادی و بەختەوەری و هیوا و گەشبین و، تا دەگات بە ناو کۆمەڵگە بۆ جێبەجێکردنی لەوەی کە دەربارەی دیموکراسی و دادپەروەری وەری گرتووە.

١١ - ١١ - ٢٠١٨

---

## پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە

### پێشەکی

لە مێژووی دووری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە تاکوو ئێستا، پەروەردە مەڵبەند و ناوەندی پێگەیاندنی مرۆڤەکان بووە. لە شارستانییەتە دێرینەکانی بابلی و میسری و یۆنانی و ڕۆمانی و فارسیدا پەروەردە وەک چالاکییەکی گرنگ بوونی هەبووە و، پێیان وا بووە پەروەردە گەورەترین شۆڕشی بەردەوامی مرۆڤایەتییە. لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا پەروەردەیش گۆڕاوە و میکانیزم و ئامانجەکانیشی بەردەوام دەگۆڕێت. لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا مەبەستی پەروەردە دروستکردنی مرۆڤە لە باشترین شێوەدا و، ئەرکی پێگەیاندنی مرۆڤە بە ئاکاری بەرز، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، زانستی قووڵ و هۆشیاریی گشتی. پەروەردە وەک دەزگەیەکی کۆمەڵایەتی، بە دەزگە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەبەسترێتەوە، ئاڵوگۆڕ و کارلێک دەکات لەگەڵیان و، هێزە مرۆییە هەمەچەشنەکان دەبەخشێتە کۆی کۆمەڵگە و دامودەزگەکانی ناویشی. ڕژێم و



سەرچاوە
Serchawe

دەزگەکانی کۆمەڵگەیش پێداویستییە ڕۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بە پەروەردە دەبەخشن. واتە پەروەردە بە جیاوازیی بارودۆخی مێژوویی و شارستانیی هەر کۆمەڵگەیەک جیاوازە؛ بۆیە دید و تێڕوانینی جیاواز بۆ پەروەردە هەیە و، زۆر قوتابخانە و لێکدانەوە بۆ فەلسەفەی پەروەردە و کاری پەروەردەیی، بوونیان هەیە. ئێمە دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا تیشک بخەینە سەر چەمکی پەروەردە، مێژووی پەروەردە، فەلسەفەی پەروەردە و ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردە.

## چەمکی پەروەردە

پەروەردە پرۆسەیەکی دێرین و فرەڕەهەندە و، سیستەمێکی گشتگیر و فراوان و بەردەوامە و، کارێکی مەودادوور و ئاڵۆز و بەیەکداچووە؛ دوورە لە هەر هەڵسەنگاندن و تێڕوانینێکی سادە و سەرپێیانە. پەروەردە یەکێکە لە میکانیزمەکانی مانەوە و بەردەوامیی کەلتوور و زانیاری و شارستانییەت، لە ڕێگەی گواستنەوەی کۆی فیکر و مەعریفە و کەلتوور بۆ نەوەی داهاتوو.

پەروەردە کلیلی دەستپێکی ژیان و بەردەوامیی گوزەران و ژیاری مرۆڤایەتییە. پەروەردە بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و، لە ئێستادا بە پێوەری ژیار و ئاستی گەشە و پێشکەوتنی گەلانیش دادەنرێت. هیچ نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک ناتوانێت لەگەڵ کاروانی شارستانیی جیهان ڕەوت بکات و درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، ئەگەر خاوەنی پەروەردەیەکی تۆکمە و پێشکەوتوو و دیموکراتییانە نەبێت.

پەروەردە ئەو کردەوە و چالاکییەیە کە لە ڕێگەیەوە زانست و لێزانی و لێهاتوویی و، چۆنێتیی هەڵسوکەوت و ئاکاری شیاو فێری تاک دەکات. ئامانجی، بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکە. پەروەردە هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی تاک و جیاوازییەکانی و پێگەیاندنی هاووڵاتیی چاکەخواز، پێگەیاندنی مرۆڤ لە ڕووی ئاوەز و جەستە و دەروونی و سۆزداری و ئاکارییەوە، بە پابەندکردنی بە چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئایینی، ئابووری، سیاسی و زانستییەوە. بەمەیش تاک بۆ ژیانی ناو کۆمەڵگە ئامادە دەکرێت. هەروەها ئەرکی سەرەکیی پەروەردە، گواستنەوەی مۆرکی هەڵسوکەوتەکانە لە کۆمەڵگەوە بۆ تاک و، گونجاندنی تاکیش لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگەدا. لێرەیشەوە تاکێکی نۆرماڵی کۆمەڵایەتیی لێ هەڵدەکەوێت، کە ڕێز لە ژیان و مرۆڤایەتی دەگرێت.

بەکورتی، دەکرێت بڵێین پەروەردە بە مانا فروانەکەی بریتییە لە هەموو هەنگاوەکانی کاری چاکە و باشە و، سوودگەیاندن بە دەوروبەر و ژینگە و کۆمەڵگە، دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست و قازانجبەخش، گەڵاڵەکردنی هەموو هەست و بیرێکی

باش و بڵاوکردنەوەی بەسەر تەواوی تاکەکاندا.

## مێژووی پەروەردە

پەروەردە پرۆسەیەکی تەمەندرێژ و دێرینە؛ هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا. لە بەرەبەری مێژوودا پەروەردە بەم شێوەی ئێستا ڕێکخراو و ڕێکوپێک نەبووە؛ پرۆسەیەکی نافەرمی بووە و، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن خێزانەوە ئاراستە کراوە و، لە ڕێگەی ئەزموون و لاساییکردنەوە بووە. خێزانیش ڕێگە و شێوازی تایبەتی خۆی لە پەروەردەکردندا جێبەجێ کردووە و بەپێی ئاستی تێگەشتن و دونیابینیی خۆی پەروەردەی منداڵی کردووە. ئامرازەکانی فێربوون بریتی بوون لە: نەریتەکان، سیستەمی بەهاکان، هونەرەکانی بەرهەمهێنان وەکوو ڕاوکردن، کشتوکاڵ، چنین و هتد.

لە شارستانییەتەکانی "بابل" و "میسری دێرین"دا بایەخ بە فێربوونی ئایینی و هونەری و پەیکەرتاشی و تەلارسازی و فێربوونی نووسین و خوێندنی سەرەتایی دراوە. لە شارستانییەتەکانی "هیندی" و "چینی"یشدا گرنگی بە لایەنی مەعریفی و ڕەفتاری تاک دراوە، بەتایبەتی چینی ئەرستۆکراتەکان.

لە سەردەمی "یۆنانی کۆن"دا پەروەردە زیاتر پێش کەوت کە پەروەردەی ئایینی و فەلسەفی و سیاسی و سەربازی و فێرکردن و ڕاهێنانی "وتاردان" لەخۆ دەگرێت. لە تێڕوانینی ئەفلاتۆندا پەروەردە و فێرکردن خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی تایبەتی دیاریکراون. ئەفلاتۆن لە وتوێژی کتێبی "کۆمار"دا سیستەمی فێرکردنی لە سێ قۆناغدا چارەسەر کردووە: یەکەمیان هاوشانی قۆناغی فێرکردنی سەرەتاییە لە چەرخی هاوچەرخدا. بنەماکانی ئەم قۆناغە ڕاهێنانی جەستە و موزیکە؛ واتە گەشەکردنی لاشە و گیان (ڕۆح)، لە کاتێکدا ئەم دووانە لەباریاندایە پێک بێن. ئەفلاتۆن پێی وایە ئەوەی شایەنی بەڕێوبردنی منداڵە تاکوو ببێتە پێشەنگی منداڵ، ئەو کەسە نییە کە فێری ئەفسانەی بکات، بەڵکوو ئەوەیە کە توانای هەیە خۆشویستنی جوانی تێدا بچێنێت و لەگەڵیدا بسازێ. بیرۆکەی سازاندن (پێکهاتن) شوێنێکی تایبەتی لە کتێبی کۆماری ئەفلاتۆندا گرتووە. سازاندن و گونجاندن لە نێوان چینەکاندا بەدەستهێنانی دادپەروەرییە لەسەر ئاستی دەوڵەت. گونجاندن لە نێوان بەشەکانی جەستە، بەختەوەریی تاکە. مادام تاک لە فێرکردندا مەبەستە، ئەوا گونجاندن لە خۆیدا بەندە لەسەر میکانیزمێکی دیاریکراو، کە فێربوونی موزیک و پەروەردەکردنی جەستە، بناغەکەیەتی.

لە شارستانییەتی ئیسلامیدا پەروەردە ڕەهەندێکی تەواو ئایینی وەردەگرێت؛ لە مزگەوت و حوجرەدا جێبەجێ دەکرێت و زانستە شەرعییەکانی ئیسلام و ئاکار و ڕەفتاری ئیسلامی فێری تاک و کۆمەڵگەیش دەکرێت. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پیاوانی ئایینی و کەنیسە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکەن و، پرۆسەی پەروەردە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئایینی مەسیحی و



سەرچاوە
Serchawe

بەهێزکردنی دەسەڵاتی کەنیسە جێبەجێ دەکەن.

لە دوای شۆڕشی ڕۆشنگەری و پیشەسازی، ڕۆژاوا بایەخ و گرنگیی زۆری بە پەروەردە داوە. ئەوان توانییان سوود لە زانست و مەعریفە و فەلسەفەی شارستانییەتەکانی یۆنان و ئیسلامی وەربگرن. لێرە بەدواوە پەروەردە شێواز و میکانیزمی نوێی وەرگرت و پەروەردەی نەریتی و کۆن بایەخی خۆی لەدەست دا. دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن دامەزران و، چوارچێوەی کارگێڕی و ڕێکخستنی کارگێڕی و هونەری بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی پەروەردە هاتنە دامەزراندن.

لە دونیای هاوچەخدا پەروەردە بەرپرسە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەو شۆڕشە زانستی و تەکنەلۆژییەی بەرپایە و، جیهانی هاوچەرخ پەروردە و ئاراستە دەکات کە لەگەڵ ئامانج و خواستەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت.

لە پەروەردەی کۆن یان چەند دەیەیەک پێشتر، پەروەردە تەنیا کاری ناو قوتابخانە بووە و، هەندێ جاریش تەنیا پرۆسەی فێربوون بووە؛ بەڵام پەروەردە زیاتر لەوە دەگەیەنێت و گرنگییەکی ژیانی هەیە بۆ کۆمەڵگە و تاک، بۆ مانەوەی کۆمەڵگە و گەشەی تاک. بەڵام لە پەروەردەی هاوچەرخدا پەروەردە وەک سامانێکی گشتی تەماشا دەکرێت و کارێکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگەیە؛ دەزگە کۆمەڵایەتییەکانی تریش بەشدار دەبن و ڕۆڵیان تیایدا دەبێت. پەروەردە، بووە بە یەکێ لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی هاوچەرخ؛ پەروەردە، بووە بە بەرپرسیارێتی و ئەرک و پرۆژەی دەوڵەتەکان. فەلسەفەیەکی پەروەردەیی لە پشت پرۆژەی پەروەردەوە بەرقەرارە و تیۆریزەی بیردۆزی پەروەردەیی دەکات و ئامانج و مەبەستە دوورەکانی دیاری دەکات و چارەی کێشە و ئاریشە و ڕێگرییەکانی پەروردە دەکات.

## فەلسەفەی پەروەردە

فەلسەفە بەهەموو پێناسە جیاوازەکانییەوە، بریتییە لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی سروشت و ژیان، دوور لە شیکردنەوە ئەفسانەییەکان. فەلسەفە زانستێکە پشت بە یاسا زانستییەکان و شیکردنەوەی لۆژیکیی دیاردەکان دەبەستێت؛ بۆیە بە زانستی ڕاستی، یان زانستی ڕاستییەکان دەناسرێت.

فەلسەفەی ڕاست و بەسوود ئەو فەلسەفەیە کە دەتوانێت خوێندنەوەی ڕاست بۆ کۆمەڵگە بکات، کێشەکانی دیاری بکات و، وێنەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان نیشان بدات کە بیکەینە ئامانج و هەوڵ بۆ دابینکردنی بدەین. فەلسەفەی دروست و بەسوود ئەو فەلسەفەیە کە نەخشەی ڕێگەمان بۆ دیاری دەکات، کە چۆن کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و نادروست، بگۆڕین بۆ کۆمەڵگەیەکی ساغ و دروست.



سەرچاوە
Serchawe

ئامرازی سەرەکی و کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فەلسەفە، بریتییە لە پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن. تەنیا لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە دەتوانین برینەکانی کۆمەڵگە ساڕێژ بکەین و ئامانجەکانی فەلسەفەی دروست و بەسوود بەدەست بێنین. کەوابوو پەروەردە و فێرکردن ئامرازی سەرەکیی جێبەجێکردنی بۆچوونە فەلسەفییەکانن، گەر تاکە ئامراز نەبن.

ئەو چالاکییانەیە کە لە ئەنجامی پێکەوەگرێدانی پەروەردە و فەلسەفە دەست دەکەوێت و، پەروەردە دەبێتە ماددەیەکی فەلسەفی و هزری؛ دەکەوێتە ژێر ئەزموون و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە. بۆیە پەروەردە کایەیەکی مەعریفی و فەلسەفییە.

فەیلەسووفی گەورەی بریتانی "هەربەرت سپنسەر" (Herbert Spencer) دەڵێت: "پەروەردەی ڕاستەقینە، لە ڕێی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینەوە نەبێت نابێتە پرۆسەیەکی باش و، ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا بەدروستی ناگێڕێت." بەم جۆرە، فەلسەفە و پەروەردە پەیوەندییەکی توندیان پێکەوە هەیە. فەلسەفە سنوورەکانی ڕوانینە بۆ مرۆڤ و ژیان؛ پەروەردە چۆنێتیی پراکتیزەکردنی ئەو ڕوانین و دیدەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا.

فەلسەفەی پەروەردە، جێبەجێکردنی فەلسەفەی تیۆرییە بەسەر بوارەکانی پەروەردەدا، یان کۆمەڵێک ئەگەر و پێشنیارە کە لە دیدی فەلسەفییانەوە دەڕوانێتە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی. ئەگەر پەروەردە ئامرازی ژیانی کۆمەڵگە و، هۆکاری بەردەوامی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەوا خودی بوونی خۆی لە فەلسەفەیەکەوە وەردەگرێت. لە ژیانی مرۆڤدا فەلسەفە نموونەی بەرزترین ئاستی پرۆسەی بیرلێکردنەوەیە. پەروەردەیش نموونەی بەرزترین پرۆسەی کارکردن و چالاکییە. فەلسەفە دەبێتە ڕێپیشاندەری پەروەردە؛ بەم پێیەیش دەبنە دوو شتی لێکدانەبڕاو.

ئەدەبیاتە پەروەردەییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فەلسەفەی پەروەردە یەکێکە لە زانستە فەلسەفییەکان، کە گرنگی بە توێژینەوە لە هەڵوێستە پەروەردەییەکان و شیکردنەوە و دیاریکردنی بنەما سەرەکییەکانی بواری پەروەردە دەدات. بە مانایەکی تر فەلسەفەی پەروەردە، بنەما و چییەتی و ئامانج و ڕەوش و ناوەرۆکی پەروەردە دەسازێنێت. بەم شێوەیە فەلسەفەی پەروەردە بیردۆزی پەروەردەییە کە لە بیردۆز و بیرە فەلسەفییەکانەوە هەڵقووڵاوە و، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدات. بەو پێیەی ڕەوش و ئامانجە پەروەردەییەکان و پراکتیزەکردنی، وابەستەیە بەو ڕوانگە فەلسەفییەی کە پەروەردەکارانی هەر کۆمەڵگەیەک لەسەری کۆک دەبن، کاری فەلسەفەی پەروەردە دەبێتە جێبەجێکردنی بنەما فەلسەفییەکان لەسەر پرۆسەی پەروەردە.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەوە دەکرێت بڵێین پەیوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز هەیە کە وا دەکات گرنگی بە فەلسەفەی پەروەردە بدرێت، چونکە فەلسەفە تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە جیهان و مرۆڤ دەناسێنێت، کاریگەری لەسەر ڕەفتارمان دروست دەکات، مەیل و ئارەزووی نوێیش دروست دەکات؛ بەڵام لە لایەنی پراکتیکدا ئەوە پەروەردە و فێرکردنە کە ئەم مەیلە مرۆییانەی لە فەلسەفەوە دەستمان کەوتوون بەهێز دەکات و، لایەنی کردەیی فەلسەفەکان تەواو دەکات؛ هاوکات پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی و خوێندکار و خوێندنگەکەی ڕێک دەخات و، لە ڕێی ئامانجەکانەوە هاوکاریی خوێندکار دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێی نوێ و سوودوەرگرتن لە تیۆرییەکان و زانستە جۆربەجۆرەکان. کەواتە ئاشکرایە دیدگە تیۆری و فیکری و فەلسەفییەکان کاریگەریی گەورە لەسەر ڕەوشی پەروەردە جێ دەهێڵن و کار دەکەنە سەر ڕەفتاری مرۆڤ. بۆیە چەندێک دروستیی جێبەجێکردنەکان گرنگ بێت، لەوە گرنگتر ئەو دید و ڕوانگە پەروەردەیانەیە کە لە تیۆرە فەلسەفییەکانەوە وەرگیراوە. ڕوانگە فەلسەفییە جیاوازەکانن کە پرۆسەی پەروەردە و ڕەفتاری مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەک لە خوێندنگە و دواتر لە کۆمەڵگەدا ئاراستە دەکەن. کەواتە کۆمەڵگەیەک بیەوێت نەوەیەکی دیموکرات و ئازاد و خاوەن بەها و ئاکار و لێهاتوویی بنیات بنێت، دەبێت ڕوانگەیەکی فەلسەفیی بۆ پەروەرەی نەوەکانی هەبێت.

فەلسەفەی پەروەردەی ئەوەمان پێ دەڵێت، کە نەبوونی ڕۆشنبیریی دایک و باوک بە واتای پەروەردەیەکی ناتەندروست دێت. ئەمەیش باوەڕی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە لە بواری فەلسەفەی پەروەردەییدا دید و تێڕوانینیان هەیە؛ چونکە دایک و باوک ئەو دوو کەسەن کە وێستگەی سەرەتایی پەروەردەی منداڵن. جا ئەگەر ئەوانە ئاستی ڕۆشنبیرییان نزم بێت، ئەوا گومان لەودا نییە کە پەروەردەیشیان لە ئاستێکی نزم و سادەوە دەبێت. زۆر جار بە هۆی ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی دایک و باوک نزمە، منداڵ تووشی کۆمەڵێ گرفتی دەروونیی ئاڵۆز دەکەنەوە، لەوانەیش گرفتی شەڕەنگێزی، قوربانیی دەستی شەڕەنگێزەکان، گۆشەگیری، بێمتمانەیی و...، کە بە هۆی پەروەردەیەکی هەڵەوە دەدرێت بە منداڵەکانیان. زانا سایکۆلۆژییەکان ئەم ڕەفتارانەی دایک و باوک کە بە هۆی ناڕۆشنبیرییانەوە دەیگرنە بەر، بە کارێکی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی منداڵان ئاماژە پێ دەدەن.

لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا داینگەکان و باخچەی منداڵان و قوتابخانەکان گرنگترین شوێنن کە دەبێت حکوومەت چاودێرییان بکات و گرنگییان پێ بدات، بەتایبەت داینگەکان؛ چونکە یەکەم وێستگەیە کە فەلسەفەی پەروەردەییی ئەو وڵاتە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنی، بەو مەبەستەی کە تاکێک بەرهەم بێنێت کە ئەو کۆمەڵگەیە پێویستیی پێی هەیە. بۆیەیش دەبێت ئەو کەسانە وانەی تێدا بڵێنەوە کە ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیرییان زۆر بەرز بێت.

## ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردە

دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان کارێکی گەورە و گرانە، چونکە ئامانجەکانی پەروەردە گشتی و گشتگیرن و ڕوون و نەمرن و درەنگ گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئامانجەکان هەم پێوەر و هەم چارەنووسی پرۆسەی پەروەردە دیاری دەکەن. لێرەدا چەند ئامانجێکی گرنگی فەلسەفەی پەروەردە دیاری دەکەین، وەکوو:

١- بەرەوپێشبردن و پاراستنی کەلتووری کۆمەڵگە و، گواستنەوەی ئەو داب و نەریتە باش و کەلتوورە بەپێز و مەعریفە قووڵە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٢- نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگە.

٣- کارکردن بۆ بەهێزکردن و پەرەسەندنی کەسایەتیی تاک و کارلێککردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

٤- پەرەسەندنی گیانی نیشتمانی و ئامادەکردنی تاکێکی دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمان.

٥- پەروەردەکردنی تاک لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتن لە یاسا و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

٦- پێکهێنان و بەخشینی تاکی خاوەن وزە و لێهاتوو و پسپۆڕ بە کۆمەڵگە.

٧- بەهێزکردنی گیانی کرانەوە و تێکەڵاوبوون و یارمەتی و هاوکاری لەسەر ئاستی نەتەوە و مرۆڤایەتی.

٨- بەخشینی توانای بیرکردنەوە و هۆشیاری و هەڵسەنگاندن بە تاک.

٩- هاندان و دروستکردنی دەرفەت بۆ تاکی کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە مەعریفەیەکی دروست.

١٠- کەواتە فەلسەفەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و پڕزانست و زانیاری و، پێگەیاندنی گەنجێکی چاونەترس و نیشتمانپەروەرە و، هێنانەکایەی کەلتوورێکی مۆدێرن و، دوورخستنەوەی کۆمەڵگەیە لە هەموو جەهل و نەزانی و تاریکییەک.

## کۆتایی

پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامی مرۆڤایەتییە و، هاوکاتە لەگەڵ بوونی مرۆڤ. لە کۆمەڵگە بەراییەکانەوە تا دونیای هاوچەرخ، پەروەردە خەم و هیوای مرۆڤەکان بووە بۆ بەردەوامیی ژیان و شارستانییەتییەکان. لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا مرۆڤ هەوڵی بەجێگەیاندنی پەروەردەکردنی نەوەکانی داوە. هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوازی پەروەردەی پەسەند و دڵخوازی خۆی پەروەردەی بەئەنجام گەیاندووە. زۆر بیرمەند و نووسەرانی دونیا قسەوباس و لێکۆڵینەوەیان لە

پەروەردە کردووە، تیۆریزەی چەندین بیر و تیۆرییان کردووە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی پەروەردەیەکی تەندروست و، چەندین ئامانجی خێرا و دوورمەودا بۆ ئاسوودەیی و پێشکەوتن و هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگە، دیاری کراوە.

کۆمەڵگەی ئێمە - کۆمەڵگەی کوردی - پێویستی بەو بۆچوونە فەلسەفییانەیە کە لە ناخی کۆمەڵگەکەمانەوە هەڵقووڵابێت؛ بەو بۆچوونە بوێرانەیە کە دەرمانی دەردەکانمان بکات و کێشەکانمان چارەسەر بکات، وەک چۆن لە هەمان کاتدا پێویستمان بە سیستەمێکی پەروەردە و پرۆگرامێکی فێرکردن هەیە، کە لە توانایدا بێت لە بواری پراکتیکدا بۆچوونە فەلسەفییە دروست و بەسوودەکان جێبەجێ بکات.

٢٣ - ١١ - ٢٠١٨

---

# شانۆی منداڵ: ڕێگەیەکی سەردەمییانە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا

## پێشەکی

شانۆ بە قوتابخانەی گەلان دادەنرێت. لەسەر تەختەی شانۆ بە ناوازەترین شێوە، بیر و بۆچوون و کێشەکان دەخرێنە ڕوو. بۆیە شانۆ باشترین هۆکارە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی مرۆڤەکان بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی. شانۆی منداڵ بە یەکێک لە نێوەندگیرە باشەکان لە نێوان زانیاری و فێربووندا دادەنرێت، چونکە سروشتی منداڵ بۆ یاریکردن دەجووڵێنێت و ئاستی جوانناسی و ڕەوشتی منداڵ بەرز دەکاتەوە و، هاوکارییان دەکات لە گەشەپێدانی هزری و دەروونی و، خۆشی و پێکەنین دەخاتە سەر لێوی منداڵەکان. ئێمە لەم وتارەدا مەبەستمانە تیشک بخەینە سەر چەمکی شانۆی منداڵان، مێژووی دەرکەوتنی، سوود و گرنگی و ئامانجەکانی پشت شانۆی منداڵان و، پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵان.

### مەبەست لە شانۆی منداڵان چییە؟

شانۆ هونەری نواندنە، یاخود هونەرێکی جەماوەرییە. شانۆی منداڵیش لقێکە لە لقەکانی هونەر و شانۆ و، بە یەکێک لە

وانە گرنگ و کاریگەرەکانی باخچەی ساوایان و ناوەندەکانی خوێندنی منداڵان ناوەزەد دەکرێت، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵدا و، لە ڕێگەی شانۆوە منداڵ تواناکانی خۆی بەرجەستە دەکات و توانای نواندن و لاسایی و جووڵەی بۆ دروست دەبێت.

شانۆ بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵان و، شانۆی منداڵان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان و، هۆکارێکی گرنگیشە لە پەروەردەی منداڵان و گەشەکردنی کەسایەتییان، چونکە منداڵ لە ساڵانی یەکەمی تەمەنییەوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نواندندا هەیە و زۆر جار ئەوەی لە ئەندێشە و خەیاڵیدایە، بە نواندن دەری دەبڕێت و، بنچینەی درامای منداڵان یاری و گەمەیە؛ کە ئەمەیش شانۆگەرییەکی خەیاڵئامێزە.

## مێژووی دەرکەوتنی شانۆی منداڵان

ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە، دەبینین کەوا مرۆڤ لە ڕابردوودا و لە بارودۆخێکدا وا بەرچاو دەکەوێت کە گەڵای درەختەکان و پێستی دڕندەکانی پۆشیوە و، دەستە دەستە لەنێو ئەشکەوتەکاندا پەنایەکی گرتووە. مرۆڤی سەرەتایی بە ئاوێتەکردنی موزیک و ئاواز و سەما، هونەری نمایش و ئۆپێرای داهێنا. لەناو گەلە سەرەتاییەکاندا سەما زۆربەی کات لاساییکردنەوەی جووڵەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان بووە.

شانۆ لە کۆندا بەم دید و تێڕوانینەی ئێستا نەناسرابوو. لە شارستانییەتە دێرینەکانی وەک یۆنان و سۆمەری و میسرییە کۆنەکاندا شانۆ هەبووە. زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ، دەچنەوە سەر شارستانییەتە کۆنەکان، بەڵام لە هەموویان زیاتر کە بەڵگەی مێژوویی مابێتەوە و تا ئێستا لەبەردەستدا بێت، شارستانییەتی یۆنانییە کۆنەکانە. شانۆ لای یۆنانییەکان لە بۆنە و جەژنەکاندا لە سەدەکانی چوار و پێنجی پێش زایین سەری هەڵداوە، وەک ئەو جەژنانەی بۆ خوایەک لە خواکانی یۆنان ساز دەکرا کە تیایدا ئاهەنگیان دەگێڕا و سەما و قوربانییان دەکرد. پاشان لە ساڵی ٥٣٥ی پێش زایینەوە لە ڕێگەی شانۆکاران و نووسەرانی وەک ئەسخیلۆس، یۆرپیدز، سۆفۆکلس و تیسپیس، شانۆ پێشکەوتنی جیاوازی بەخۆیەوە بینی و، ئەوانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێشچوونی شانۆدا هەبوو.

هەروەها سەبارەت بە سەرەتاکانی شانۆی منداڵان، سەرچاوەیەکی ڕوون و پشتبەستوو نییە کە سەرەتاکانی شانۆی منداڵان لە جیهاندا لە ڕووی مێژووییەوە دیاری بکات، بەڵام لێرەدا چەند بۆچوونێک هەیە کە کۆکن لەسەر ئەوەی سەرەتای شانۆی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٧٩؛ ئەو کاتەی کە خانمی فەرەنسی "ستیڤانی دۆگلی

نیلی" شانۆنامەی منداڵانی بۆ چینە خانەدانەکان دەنووسی. بەڵام لە ڕووسیادا بایەخدان بە شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٨. لە سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیزمدا شانۆیەکی منداڵانیان لە مۆسکۆ دامەزراند، کە بنچینە پەروەردەیی و هونەری و دەروونییەکانی لەخۆ گرتبوو. لە ئەمریکایش یەکەم شانۆگەری بۆ منداڵان لە ساڵی ١٩٢١ لە شیکاگۆ پێشکەش کرا، بە ناوی "ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەدا". لە دواییشدا چەند پەیمانگەیەک بۆ شانۆی منداڵان لە چەند شوێنێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دروست بوو، کە هەندێکیان شانۆگەریی تایبەتیان بۆ منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێشکەش دەکرد. لە ئەڵمانیایش، بەتایبەت لە شاری دینکلسبۆڵ، هەموو ساڵێک فێستیڤاڵێکی میللی بۆ ڕێزلێنان لە منداڵان دەکرێت کە شانۆی منداڵانی تیادا نمایش دەکرێت.

هەرچی سەبارەت بە کوردستانە، بەشێک لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد پێیان وایە، کە شاعیری گەورەی کورد "گۆرانی شاعیر" یەکەمین کەس بووە کە وشەی "شانۆ"ی لە بری وشەی "مسرح" و "تمثیل"ی عەرەبی و "تیاتر"ی ئینگلیزی بەکار هێناوە و، لە ساڵی ١٩٤٨دا لە چاپخانەی "معارف" لە بەغدا شانۆنامەی "هاوڕێی منداڵی، مام ڕێوی" بۆ منداڵانی کورد چاپ کراوە. بەڵام لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی شانۆی منداڵانی کورد، بۆ بەر لەو ساڵە دەگەڕێتەوە و چەند شانۆگەرییەک بە زمانی کوردی لە لایەن قوتابییانی قوتابخانەکانی شاری سلێمانییەوە نمایش کراون.

### سوود و گرنگی و ئامانجەکانی پشت شانۆی منداڵان

نووسەری دیاری ئەمریکی "مارک توین" (Mark Twain) دەڵێت: "من لەو بڕوایەدام شانۆی منداڵان گەورەترین داهێنانی سەدەی بیستەمە. هەروەک زانراوە نواندن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، هەر لە بچووکییەوە تاکوو پیربوون، چ وەک هونەرمەند، یاخود بینەر."

منداڵ لە توانایدا هەیە، لە هونەر بگات و بیانناسێت؛ هەروەها لە توانایدا هەیە بە ڕێگەی نواندن، پێداویستییەکانی بیر و جەستەی خۆی دابین بکات. بۆیە گرنگیی نواندن لەوەدایە کە یارمەتیی منداڵ دەدات بۆ تێگەشتن لە ژیان و باری کۆمەڵایەتیان؛ هەروەها پەرەپێدانی ژیان لەگەڵ کەسانی تردا و هەستکردن بە بڕوابەخۆبوون، ئەمە سەرباری پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ و حەسانەوەی بیر و ئەندێشەی منداڵان.

شانۆ بۆ منداڵان زۆر گرنگتر و بەنرخترە لە فیلم و سینەما. فیلمەکانی سینەما و تەلەڤزیۆن لەوانەیە بۆ پەروەردەی منداڵ بەسوود بن و، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی وەلاوە بنرێت زۆر گرنگ نییە و کاریگەریی خراپیان لەسەر پەروەردەی منداڵ

نییە. بەڵام شانۆ وا نییە، چونکە شانۆ یەکێک لە شێوازەکانی ڕاهێنانە و ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵدا هەیە؛ بۆ نموونە کاتێک کە منداڵان سەرقاڵی یاریکردنن، چەشنێک نمایش دەگێڕن و لەو ماوەیەدا ڕۆڵی گەورە پرۆڤە دەکەن، هەر بۆیەیش دەتوانین بڵێین ناتوانرێت شانۆ لە ژیانی منداڵ جیا بکرێتەوە.

**بۆیە دەکرێت بڵێین دیارترین سوود و گرنگی و ئامانجەکانی شانۆی منداڵان بریتین لە:**

١- لە ڕێگەی شانۆی منداڵانەوە، منداڵ هەست و بیری خۆی دەربڕێت.

٢- ڕەخساندنی هەل لە بواری هەرەوەزی کۆمەڵایەتی، ئەمەیش یارمەتی دەدات بۆ تێگەشتن لە خۆی و دەوروبەرەکەی. بەمەیش ڕۆحی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و سازانیان گەشە دەکات.

٣- نمایشی شانۆیی دەتوانرێت وەک شێوازێکی پەروەردەیی بەکار بهێنرێت.

٤- نمایشی شانۆیی، هێزی بەرهەمداری لە منداڵدا پێش دەخات، بەتایبەت ئەگەر خودی منداڵان لە ڕۆڵەکانی خۆیاندا ئازادییان هەبێت.

٥- ئەنجامدانی شانۆ لە لایەن منداڵەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەست بە هێز و توانایی بکات و متمانەبەخۆبوونی لا دروست ببێت.

٦- شانۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان منداڵان بەهێز بێت و هەمیشەیی بێت و هاوکاریی هەرەوەزییان تیادا دروست ببێت.

٧- توانای دەربڕین و گوزارشتکردنی منداڵ لە ڕێگەی شانۆوە گەشە دەکات.

٨- خۆشی و شادییەکی زۆر بە منداڵ دەبەخشێت.

٩- فەرهەنگی وشەی زمانەوانییان دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر دەبێت.

١٠- بیر و هۆش و ئەندێشە و تێگەیشتن و هەست و سۆزیان فراوانتر دەبێت.

١١- زیاتر بڕوایان بە توانای خۆیان دەبێت، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە بەشداری لە نواندنەکاندا دەکەن.

١٢- منداڵان لەسەر بوێری و ئازایەتی ڕادەهێنێت.

١٣- حەزی خۆدەرخستن و دەربڕین و توانا و چالاکییەکان زیاتر دەبێت.

١٤- گەلێک داب و نەریتی پەسەندی کۆمەڵایەتی و بەهای بەرزی ڕەوشتی لە ڕێگەی شانۆوە فێر دەبن.

## پێکهاتە سەرەکییەکانی شانۆی منداڵان

**یەکەم بیرۆکە**: بیرکردنەوە سەرەتای هەموو کارێکە. هەڵبژاردنی بیرۆکەی تێکستی شانۆی منداڵان گرنگ و هەستیارە؛

پێویستە پەیوەندیی بە گەشەکردن و پەروەردە کێشەکانی منداڵانەوە هەبێت، لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی تەمەنیدا بگونجێت و ئاسان و ڕوون بێت، هەروەها لە توانای تێگەیشتنی منداڵ بەدەر نەبێت. بیر و ئەندێشە ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیان و گەشەسەندنی زانیارییەکان لە لای منداڵ دەگێڕێت. چیرۆکە خەیاڵی و خەیاڵییە زانستییەکان، یارمەتیدەر و ڕۆڵێکی باش دەگێڕن لە دۆزینەوەی ئەو جیهانەی کە دەوری منداڵی داوە. ئەندێشە بۆوچونی زیاتر لە منداڵدا بەهێز دەکات، بەو پێیەی هەڵگری ڕوانینێکی زیادە کە بەشوێن چارەسەردا دەگەڕێت بۆ ئەو کێشانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا تووشی دەبێت. ئەندێشەیش مرۆڤ بەرەو ئاکام بەرێ دەکات، کە لە ڕێگەیەوە دەگاتە بڕیارەکانی؛ نایشبێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئامانج لە پێشکەشکردنی شانۆی منداڵان، بریتییە لە چێژ و زانستبەخشین بە منداڵ.

**دووەم بابەت**: پێویستە بابەتەکانی تێکستەکانی شانۆی منداڵان پەروەردەیی بن، خۆشەویستی و جوانی و ڕەوشت و بەهای بەرز بەرجەستە بکەن، پەیوەندییان بە خواستەکانی منداڵانەوە هەبێت، هیوا و گەشبینی و بڕوا و سەرکەوتن بخەنە دڵیانەوە و، بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بن.

**سێیەم تەکنیک**: واتە چنین و شێوازی داڕشتنی کارە ئەدەبییە هونەرییەکە، دەبێت بە جۆرێک بێت کە ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک بن (دەستپێک، سەرکەوتن، لووتکە، شیکردنەوە، چارەسەر و کۆتایی)، لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەن بگونجێن و بەهای ڕۆشنبیری لەدەست نەدەن. پێویستە وشەکان و ڕستەکان لە توانای تێگەیشتنی منداڵدا بن، بواریش بۆ جووڵە و یاری و گۆرانیی منداڵان بڕەخسێنن و خۆشی و شادییان پێ ببەخشێت؛ کۆتاییەکەیشی بە سەرکەوتنی باشە بەسەر خراپەدا کۆتایی پێ بێت.

**چوارەم کەسایەتییەکان**: کەسایەتییەکانی شانۆی منداڵان، مرۆڤ بن (منداڵ، گەورە) یان ئاژەڵ، باڵندە و شتی تر بن یان هاوبەش بن، پێویستە کەسایەتییەکان نموونەی باش بن و ڕۆڵیان لەگەڵ کەسایەتییان و ئاستی ڕۆشنبیرییاندا بگونجێت. منداڵان بەزۆری چاولێکەرن؛ لەوانەیە بە ڕۆڵەکان سەرسام بن.

**پێنجەم دیالۆگ**: دیالۆگ پێکهاتەیەکی تری شانۆی منداڵە؛ هەست و هۆشی منداڵ دەورووژێنێت و گرنگی و بایەخ و سەنگی خۆی هەیە. پێویستە دیالۆگەکان پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەبێت، زمان و دیالۆگ سادە بێت و لەگەڵ تەمەنی منداڵدا بگونجێت. پێویستە دیالۆگەکان لەگەڵ ئاستی جیاوازی ڕۆشنبیریی کەسایەتییەکاندا بگونجێن.

**شەشەم سیمبولەکان (ڕەمزەکان)**: ڕەمزەکان لە ناسینی ململانێکان و نەهامەتی و کێشەکان، یارمەتیی منداڵ دەدەن. ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

گرنگیی سیمبولەکان زیاد دەکات (ڕوونی و ئاشکرایی) تیایە؛ بە جۆرێک، نابێت لە تێگەشتنیدا داخراو و ئاڵۆز بن. لە هەمان کاتدا لە ڕاڤەکردنیدا ئاستەم نەبن، چونکە ئەگەر بەپێچەوانەوە بن، ئەوکات بە لای منداڵەکەوە ئاستەم دەبێت کە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. هەر بۆیە سیمبولی ئاڵۆز منداڵ لە ڕێگەیەوە ناگاتە ئەو ڕاستییەی کە دەیزانێت و تیایدا ژیان دەگوزەرێنێت؛ دەیخاتە بارێکی ونبوون و داشکان و دوودڵییەوە.

## تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵان

شانۆ جۆرێکی بنەڕەتیی هونەرە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ و گوزارشتکردن لەو جیهانە تایبەتییەی کە هەیەتی. لێرەدا تێگەیشتنی هاوبەش هەیە لە نێوان منداڵ و شانۆ وەک "لاسایکردنەوە" و "ئاوێتەبوون"؛ بە جۆرێک کە منداڵ دەیەوێت تێکەڵاوییەکی بەهێزی لەگەڵ نزیکەکان هەبێت، هەروەک چۆن مەیلی ئاوێتەبوونی لە گرووپێکدا هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵێک ڕەگەزی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەک خەیاڵ، گفتوگۆکردن، دەربڕینی هەڵوێستی ناخیان، لە یارییە تاکی و کۆمەڵییەکان. ئەم هۆکارانە پێویستە لە کاتی نووسینی دەقی شانۆی بۆ منداڵدا لەبەرچاو بگیرێت. نووسینی شانۆ بۆ منداڵ، جیاوازە لە نووسینی شانۆ بۆ گەورەکان، چونکە منداڵ جیهانێکی تایبەتی هەیە کە ڕاستی تێکەڵ بە خەیاڵ دەکات و، گرنگیپێدانەکانیان بۆ کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بە خۆیانە. شانۆی منداڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێشکەش دەکات، بە جۆرێک کە پێویستە سروشتی قۆناغی تەمەنی ئەو منداڵە لەبەرچاو بگیرێت کە پیایدا تێپەڕ دەبێت، کە دەبێت ئەو شانۆیە لەگەڵ ئەو قۆناغەدا بگونجێت. هەروەها پێویستە لە نووسینی شانۆ بۆ منداڵ هۆشیارییەکی زۆرمان هەبێت لە ڕەفتاری منداڵ و داب و نەریتەکانی، وەکوو: مەیلی ئەو منداڵە بۆ یاریکردن لەگەڵ هاوەڵەکانی و لاساییکردنەوەی کەسانی تر و سەرسووڕمانی منداڵ بە پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان. بەکورتی پێویستە پێشکەشکردنی شانۆ بۆ منداڵ ڕەگەزی خۆشیدەربڕین و پێکەنینی لەخۆ گرتبێت، یاخود خستنەڕووی فکرەیەک بێت بۆ منداڵەکە، هەروەک چۆن بیرمەندی میسری "زەکەریا ئیبراهیم" دەڵێت: "ئەزموونی پەیڕەوکراو لەسەر منداڵ ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان پێکەنین و هەڵچوونی دەروونی منداڵاندا هەیە؛ بە بەڵگەی ئەوەی منداڵ بە هەندێک ڕووداو دەگری و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت بە کۆمەڵێک ڕووداو دڵخۆش بێت." بە واتایەکی دیکە، ڕۆح و دەروونی منداڵ لەگەڵ گەشەکردنی لایەنە دەروونییەکاندایە و دەروونی ئاسوودە دەبێت بەو ڕووداوە دڵخۆشکەرانەی کە ڕوو دەدەن.

نووسەری شانۆی منداڵ لە کاتی وتووێژکردن لەگەڵ منداڵ، دەبێت بیرۆکەی خەیاڵی لای منداڵ لەبەرچاو بگرێت، هەروەک چۆن منداڵ لە تەمەنی منداڵی و لە قۆناغەکانی سەرەتای قوتابخانە، زۆربەی کات بە شوێن هاوڕێدا دەگەڕێت تا یاریی لەگەڵ بکات و لەگەڵیان دڵخۆش بێت و کاتەکانی خۆی لەگەڵیان بەسەر بەرێت. بەرزیی ئاستی خەیاڵ لای منداڵ، وا

دەکات زۆربەی کات وێنەی خۆی لای منداڵی دیکە ببینێتەوە، یان وێناکردنی ئەو ئاژەڵەماڵییانەی کە حەز بە بینینیان دەکات. پیادەکردنی ئەم پرۆسەیە لای منداڵ، دەبێت لەوەوە دەست پێ بکات کە جۆرێک لە یەکگرتن لە نێوان نووسەری شانۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان دروست ببێت؛ لێرەدا تێکەڵکردنی ڕاستی بە خەیاڵەوە لەسەر ڕەگەزی جووڵە دەوەستێت؛ هەروەک لە شانۆی "مۆلۆدراما" ئەکتەرەکە لەگەڵ خۆی دەدوێت، لە کاتێکدا وا نیشانی ئێمەی دەدات کە قسە لەگەڵ یەکێکی دیکەدا دەکات بەڵام بینەر نایبینێت. بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانەیش کە شانۆی منداڵ دەنووسن، باوەڕیان وایە کە دەبێت شانۆی منداڵ بە چیرۆک دەست پێ بکات و کۆتاییی پێ بێت، چونکە چیرۆک لە جیهانی منداڵ خەیاڵ و خۆشحاڵییەکی زۆر بە منداڵ دەبەخشێت و، سوودێکی دیکەی ئەوەیە کە منداڵ خێراتر لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە پەیوەندی دروست دەکات. هەر کەسێک کە شانۆی منداڵ دەنووسێت، دەتوانێت لە چوارچێوەی خستنەڕووی بابەتەکە کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێ بۆ منداڵ بخاتە ڕوو کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لای ئەو منداڵە، لەبەر ئەوەی زۆر کات منداڵ کەسایەتیی خۆی بەراورد دەکات بە کەسایەتیی ئەو کارەکتەرەی کە لەسەر شانۆکە دەیبینێت؛ لەم ڕێگەیەیشەوە ئەو کارەکتەرە دەبێت بە سەرکردەیەکی باش بۆ ئەو منداڵە.

بۆیە ئەو بابەتانەی پێویستە لە شانۆی منداڵدا هەبێت، خۆی دەبینێتەوە لە:

١- چیرۆکی کەلەپووری و میللی، وەکوو: سەندریلا، شازادە و پاشا، شوان و مەڕەکانی.

٢- چیرۆکی ئەفسانەیی کە باس لە بەسەرهاتێکی خۆش بکات.

٣- چیرۆکی کەسە پاڵەوانەکان و کەسە باشەکان و ئەوانەی هاوکاری پێشکەش بە هەژار و بێهێز و لاوازەکان دەکەن، دەگرێتەوە.

٤- چیرۆکە مێژووییەکان کە بەسەرهاتێکی مێژوویی بگێڕێتەوە، بە زمانێکی منداڵانە، بە شێوەیەکی سادە و ساکار لە چەند دیمەنێکی چەند خولەکیدا.

٥- ژیانی ڕاستەقینە کە گوزارشت لە ژینگەی دەوروبەری منداڵەکە، ماڵەوە، فێرگە و کۆڵان بکات.

٦- بەسەرهات و ژیانی کەسایەتیی ناوداری کورد کە چۆن خۆی پێ گەیاندووە، داهێنانەکانی چی بوون، وتە بەنرخەکانی چی بوون.

٧- دەربڕی دەروون وەک چیرۆکی ناخی یەکێک لە منداڵەکان، چۆن ئەو منداڵە پێی خۆشە بێتە پزیشک، یان ئەندازیار، وەک ئاواتێک بکرێتە شانۆگەرییەکی کورت.

٨- پێویستە دەقەکە، کەم و پوخت و سادە بێت.

٩- کورتیی ماوەی نمایشەکە.

١٠- گرنگیدان بو ڕووناکی و ڕەنگ و ڕازاندنەوەی سەر تەختەی شانۆ.

لە هەمان کاتدا گرنگە شانۆی منداڵان لە ڕێگەی نواندنەوەوە جۆرێک لە پیشە بۆ منداڵ پێشنیار بکات، کە ئەمەیش پێی دەگوترێت "پیشەی شانۆی منداڵ" وەکوو:

١١- پیشەی پاداشتکردن (پاداشتکردن، ڕاهێنانە).

١٢- پیشەی دەروونی (بێئارامی لە منداڵدا دەرەوێنێتەوە).

١٣- پیشەی فێرکاری (پرۆسەی فێرکاری خێرا دەکات).

## کۆبەند

### لەکۆتاییدا پێشبینیی ئەوە دەکەین کە:

* زۆر گرنگە سەنگ و پێگە و قورسایی شانۆی منداڵ، بەرز بنرخێنرێت.

* وانەکانی قۆناغی فێرکردنی منداڵ گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەیەکی باش لەو بوارەدا.

* پێویستە پێگەی شانۆ لە وانەکانی خوێندنگەدا بەرز بنرخێنرێت.

* لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا، پێویستە پشت بە شانۆی منداڵان ببەسرێت.

* منداڵی کورد لە ڕێگەی شانۆی منداڵانەوە پەروەردەیەکی تەندروست بکرێن.

١٣ - ٢ ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پەروەردە و جوانی

## پێشەکی

پەروەردە پرۆسەیەکی زێدە گرنگ و بە بەهایە؛ پێوانکاری کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازاد و دیموکرات و پێشکەوتووە. گەشەکردن و سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک، بەندە بە پەرەپێدان و چۆنێتیی وەبەرهێنان لە پەروەردەدا. ئامانجی سەرەکیی پەروەردە، بەرهەمهێنان و بونیادنانی مرۆڤی ئازاد و نەترس و میانڕەو و دیدگەکراوە و بەخشندەیە؛ ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ژیان تاکوو ژیانێکی مرۆییانە بژی، شایستەی ژیانی هاوچەرخ بێت و دەرکی جوانییەکانی دونیا بکات. پێوستە پەروەردە پرۆسەیەکی جوان بێت، لەسەر ڕەوتی جوانی بڕوات و میکانیزمی جوان وەگەڕ بخات تاکوو مرۆڤی جوان و جوانیناس بەرهەم بهێنێت و، هەناوی پڕ بێت لە جوانی و، جوانییەکانی ڕۆحی فێرخواز پەرە پێ بدات؛ تاکێکی پڕچەک بە ڕەوشت و بەها جوانەکان پێ بگەیەنێت و کۆمەڵگەیەکی جوان بونیاد بنێت لە نموونەی کۆمەڵگە جوانە هاوچەرخەکانی دونیای ئەمڕۆ. لەم وتارەماندا تیشک دەخەینە سەر ئەو بەهایانەی پێویستە لە پەروەردەدا هەبێت و پەروەردە جوان دەکەن و دواجاریش بەرهەمی جوان پێشکەش بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی دەکەن.

### بەها جوانەکانی پرۆسەی پەروەردە

**پرۆسەی پەروەردە چەندین بەهای جوان و بەرز لەخۆ دەگرێت و، لە هەمان کاتیشدا ئەو بەهایانە بە کۆمەڵگە دەبەخشێت؛ دیارترین ئەو بەهایانەیش بریتین لە:**

#### یەکەم بەهای ئازادی:

ئازادی وەک ماف و بەها، پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە. ئازادی مەرجی یەکەمی مرۆڤبوون و ژیانێکی شایستەیە بە تاک و، ئازادی هۆکارە بۆ بونیادنانی مرۆڤ و دونیای نوێ. پێویستە پەروەردە ئەوەندە پرۆسەیەکی دیموکراتی بێت، کە ئازادی وەک مافی فێرخوازان دابین بکات و بیپارێزێت. بوونی ئازادی لە پرۆسەی پەروەردەدا بەخشینی ڕێز و شکۆ و جوانییە بە فێرخواز.

پەروەردە و فێربوونی دروست ئەوەیە لە ئازادیدا ڕوو دەدات و، فێرخواز وەک تاکێکی ئازاد و سەربەخۆ مامەڵە دەکات؛ کۆمەکی فێرخواز دەکات کە ئازادانە بژی و ئازادانە بیر بکاتەوە، چونکە لە ئازادیدا فێرخواز دەکەوێتە دۆخێکی فێربوونی چالاک و دڵخواز؛ لە ئازادیدا گوڵی عەقڵی فێرخواز دەپشکوێت؛ ئازادی، فێرخواز دەکاتە خاوەن خود، وا دەکات خۆی بێت و، بە لێکدانەوە حازربەدەستەکان ڕازی نەبێت و، خۆی بۆ ڕاستی بگەڕێت، عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی وەگەڕ بخات. ئازادی ئەوەیە فێرخواز لە خۆی تێ بگات؛ بە لێکدانەوەی ئەوانی تر بۆ خۆی قایل نەبێت.

کەواتە فێرخواز ئازاد نەبێت زیرەک نابێت. ئازاد نەبێت، واتە ناتوانێت ئەوە بێت یان ئەو کارانە بکات کە خۆی دەیخوازێت. نەبوونی ئازادی، واتە لەقاڵبدانی فێرخواز، ئیفلیجکردنی عەقڵ و هەست و توانا و لێهاتووییەکانی فێرخواز، بەفیڕۆدانی بەهرە و گەنجینە شاراوەکانی ناخی فێرخواز، سەپاندنی هەمان دۆخی هەبوو بەسەر فێرخوازدا و کردنی بە مرۆڤێکی ترساو و باوەڕبەخۆنەبوو. ئەگەر ئازادی ناوەڕۆکی پرۆسەی پەروەردە نەبێت، فێرخواز خوێندن تەواو دەکات و دەچێتە کۆمەڵگە تووشی چەندین کێشەی ژیان دەبێتەوە، چونکە پرۆسەکە بەبێ ئازادی بۆ لەخود تێگەشتن و لەژیان تێگەشتن ئامادەی نەکردووە. لەبەر ئەوە فێرخواز تەنیا بە فێربوونی زانست نابێتە خاوەن عەقڵێکی ئازاد، بەڵکوو دەبێتە کۆیلەی شێوازێکی ناشیرینی ژیان و، نە خۆی ئازاد دەبێت و نە ئازادیی خەڵکیش دەزانێت و دەبێتە تاکێکی بێسوود و خۆپەرست و چاوچنۆک، هەندێک جاریش مەترسیدار بۆ سەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە.

### دووەم بەهای قارەمانێتی و ئازایەتی:

مرۆڤ لە بەرەبەیانی لەدایکبوونییەوە تا کۆتایی ژیانی، لەگەڵ نەخۆشییەکی ترسناکدا دەرگیرە، ئەویش ترسە. ترس بیمارییەکی کوشندەیە کە ڕۆحی مرۆڤ نەخۆش دەخات. هەر لە یەکەم وێستگەی پەروەردەوە کە خێزانە، مرۆڤ دەکەوێتە ژێر ڕێژنەی ترسەکانەوە؛ ترساندنی بە هەموو بەرکەوتنەکانی لەگەڵ ژیان. ڕژاندنی ئەم ترسە بۆ ناو کرۆک و دەروونی مرۆڤ، لە وێستگەکانی تری ژیان وەک قوتابخانە و زانکۆ و کۆمەڵگە بەردەوام دەبێت.

بە بوونی بەهای بەرز و جوانی ئازایەتی، دەتوانرێت کۆتایی بە ترس بهێنرێت لە ناخی مرۆڤدا. پەروەردە کە هەڵگری ئەم بە ها جوان و بەرزە بوو، دەتوانێت فێرخواز بۆ تێگەیشتن لە ترس و بەرنگاربوونەوەی ئامادە بکات، چونکە بوونی ترس مرۆڤی ترساو و کۆمەڵگەی ترساو بەرهەم دەهێنێت، کە تێیدا ژیان جوان و شایستە و هاوچەرخانە نییە. لە خێزانەوە دەست دەکرێت بە ترساندنی و سزادانی مرۆڤ؛ ناچار دەکرێت ئەوە بکات ئەوان دەیانەوێت و، ترساندنی بە لەدەستنەدانی بەها و نۆرمی خێزانی، ترساندنی بە ئایین، بە گەورەبوون، بە مرۆڤەکانی تر، بە ئاڵنگارییەکانی ژیان.

ترساندن لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی پاشکەوتوو بەردەوام دەبێت؛ فێربوون بە ترساندن ئەنجام دەدرێت و فێرخواز لە مرۆڤبوون دەخرێت و تووشی چەندین سزا دەبێت. تا فێرخواز ترساو بێت هیچ فێر نابێت، پشکۆی زیرەکیی ناگەشێتەوە، بەهرە و تواناکان دەپووکێنەوە، فێرخوازی ترساو تێکشکاوە، گرژە، خەمگینە، هەمیشە خەونی ترسناک دەبینێت، شەوان مۆتەکەی ترس لەسەر سنگیان دادەدات. ترس فێرخواز دەکاتە مرۆڤی دەستەپاچە و لاواز و بێهەڵوێست و ئاراستەکراو و مافخوراو و، مرۆڤی قایلبوو بە هەر دۆخێک بەسەریدا بسەپێت. ترس عەقڵ و کردەی مرۆڤ ئیفلیج دەکات، توانای هەر جووڵە و چالاکییەکی لێ دەبڕێت؛ دواجار کۆمەڵگەی ترساو بەرهەم دێت، کە لە ژیانی دۆزەخئاسا و ناشیریندا ژیان دەگوزەرێنێ. بەڵام پەروەردەی دروست یارمەتی و کۆمەکی فێرخواز و نەوەکانی کۆمەڵگە دەکات تا لە ترس ڕزگاریان ببێت و، نەترسانە فێر ببن و بژین، چونکە ئامانجی پەروەردە چالاککردنی زەین و هەستی فێرخوازە نەک بێدەنگکردن و ترساندنی فێرخواز.

فێربوون پڕکردنی ئاوەز نییە لە زانیاری، بەڵکوو ئامادەکردنی فێرخوازە بۆ ئەوەی نەترسانە بەرەوڕووی ئاڵۆزییەکانی ژیان ببێتەوە. پەروەردەکردنی فێرخواز بە ئازایەتی و نەترسان مرۆڤی بەرپرسیار و بەتوانا بەرهەم دەهێنێت، کە لە دروستکردنی دونیای نوێدا بەشدار دەبێت. سیستەمی پەروەردەی دروست، ناهێڵێت فێرخواز ترسی لێ بنیشێت، عەقڵ و زیرەکی لە مەترسی دەپارێزێت و، عەقڵی فێرخواز لەسەر بەهای ئازادی و ئازایەتی ڕادەهێنێت؛ تاکێکی دوور لە ترسنۆکی و چاوچنۆکی ڕژد و لاواز بەرهەم دەهێنێت و، تاکێکی دەوڵەمەند بە جوانییەکانی وەک دلۆڤان و بەخشندە، لەخۆبردوو، بەرپرسیار، بەتەنگ ژیان و مرۆڤەکانی ترەوە، بۆ ژیان ئامادە دەکات.

**سێیەم بەهای ڕێز و خۆشەویستی:**

مرۆڤ بۆ بەردەوامیی ژیان و ژیانێکی شایستە و مرۆییانە، پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و خۆش بویسترێت. لەناو ڕێزبەندی پێداویستییەکانی مرۆڤدا ڕێز و خۆشەویستی، پێداویستیی گرنگ و بنەڕەتین بۆ گەشە و ژیانێکی دروست. مرۆڤ پێویستی بە گرنگیپێدان و خۆشویستنە. بە گرنگی و ڕێزدانان و خۆشویستن، مرۆڤ هەست بە شکۆ و متمانە و بوونی خۆی دەکات؛ هەستبەخۆکردن و متمانەبەخۆبوون، سەرچاوەی زۆربەی لێهاتوویی و پێشکەوتنەکانی مرۆڤە.

لە دید و کاری پەروەردەی دروست و هاوچەرخدا، قوتابخانە تەنیا شوێنی پێدانی زانیاری نییە، بەڵکوو شوێنی ئاراستەکردن و ئەزموونکردنی جوانییەکانە. گرنگترین جوانیی ناو پرۆسەی پەروەردە، خۆشەویستی و میهرەبانی و ڕێزگرتنە. گرنگیپێدان و شکۆدانان بۆ فێرخواز، دۆخێکی هێمن و ئاسوودە و بنیاتنەر دێنێتە بوون، کە هاوکارە بۆ زیرەکی و



سەرچاوە
Serchawe

بەتواناییی فێرخواز و دەرخستنی بەهرە و جوانییە شاراواکانی فێرخوازان.

پەیوەندیی مرۆڤ و مرۆڤ لە قوتابخانەدا گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە منداڵ و فێرخواز لەسەر ئاستی دەروونی و پراکتیکی، چاوەڕوانییەکی زۆر لەسەر بینینی مامۆستا و شێواز و هەڵسوکەوتی لەگەڵ خۆیان کەڵەکە دەکەن؛ ڕۆژانە بە شوێن خۆشەویستی و ڕێزدا دەگەڕێن کە خۆراکی ڕۆحیی ئەوانن. لێرەوە ڕۆڵی ناتوندوتیژی مامۆستا و مامەڵەی نەرم، ئارامی، گوێگرتنی، تێگەشتنی، هاودەردیکردن، ویژدانی، دیسپلینەکانی، فەرمانەکانی، شێوازی گفتوگۆ و تەنانەت جلوبەرگ و تەماشا و ڕوانینی، پێکەنینی، ژینگەیەکی دڵخوازی فێرخواز دەستەبەر دەکات؛ ژینگەیەک کە پەروەردەکارە. ئەم جۆرە لە مامەڵەیش دەستنیشانی پەیوەندیی قوتابی بە وانە و قوتابخانە و هاوڕێ و کەسانی تریشەوە لە دەرەوەی قوتابخانە دەکات.

نەبوونی خۆشەویستی و مامەڵەی زبر و سووکایەتی بە فێرخواز، کۆی پرۆسەی پەروەردە لەنگ دەکات؛ پرۆسەکە ئەرکەکەی لەبار دەبردرێت. لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا حەز و خولیا و ئارەزووە ناوەکییەکانی فێرخواز دەکوژرێت؛ بۆیە دەبینرێت ئەو نەوە فێرخوازانەی بەرهەمهاتووی پەروەردەی توندو و دوور لە خۆشەویستی و لێدان و سزادانن، ئەو مرۆڤانەن لە جوانییەکانی ژیان و دونیا ناگەن و لەگەڵ ڕەخنە و بزێوی و دڵسۆزی و چالاکیدا پێک نایەنەوە.

فێرخوازی ڕێزلێگیراو خۆشویستراو، دەبێتە تاکی ناسک و جوانبین؛ خۆشەویستی و ڕێز بە مرۆڤ و ژیان ژینگە دەبەخشێت و، دەبنە مرۆڤانێک کە داهێنان و گۆشەی نوێی ژیان دەدۆزنەوە، نەک دووبارەکردنەوەی گۆشەکان.

### چوارەم بەهای چالاکیی هونەری و وەرزشی:

پەروەردە گرنگییەکی زۆر بە قوتابخانەکان دەدا وەک ناوەندێکی هونەری و چالاکییە وەرزشی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیییەکان. لە پێناسە هاوچەرخەکان بۆ ئەرکی مامۆستا، بریتییە لە وروژاندنی جۆش و خرۆشی فێرخواز و ڕێنوێنیکردنیان؛ هەرچی ژینگەی قوتابخانەیشە، ئەو شوێنەیە هەلی ڕوودانی فێربوون و پەروەردە و بونیادنان زیاد دەکات. قوتابخانە و مامۆستا لە ڕێگەی هونەر و چالاکییەکانی ترەوە کەشفی بەهرە و کارامەیی و داهێنانی فێرخواز دەکەن، بۆیە چالاکیکردن و چاککردن ئەرکی بنچینەییە لە پەروەردەدا. قوتابخانە تەنیا ناوەندی واگوتنەوە و گواستنەوەی زانیاری نییە؛ کە ئەم جۆرە لە قوتابخانە ئامانجی پەروەردە ناپێکێت و هەر زوو لە لای فێرخواز بێزراو دەبێت و هەوڵی هەڵهاتن دەدات لێی.

گرنگیدانی تەواو بە وانەکانی هونەر و وەرزش و چالاکییەکان، قوتابخانە دەکاتە ناوەندێکی جوان و شیرین لە لای



سەرچاوە
Serchawe

فێرخواز. هونەرەکان پەیوەندییەکی پتەویان بە ئەرکی پەروەردەوە هەیە کە داهێنانە و، ئەرکی هونەریش داهێنانە. هونەرەکان - هونەر و وەرزش - لە قوتابخانەدا، بەهرە و هێزی داهێنەرانە لای فێرخوازان دروست دەکات، چونکە هەست و خەیاڵدانی منداڵ و فێرخواز دەکەوێتە کار. بۆیە قوتابخانە لەم ڕێگەیەوە جوانی بەرهەم دەهێنێت یان مرۆڤی جوان و هونەرمەند ئامادە دەکات، چونکە هونەر و جوانی، بە داهێنان و نوێسازییەوە ناسنامەی خۆی دەرخستووە. بۆیە دەتوانین بڵێین داهێنان ئەو چەمکە هاوبەشەیە کە هونەر و پەروەردە پێکەوە گرێ دەدات.

پەروەردە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هونەرەوە بگاتە داهێنان و بەرهەمهێنانی تاکی داهێنەر، پێویستی بە شکاندنی بێدەنگی و چالاککردنی عەقڵ و گرنگیدانە بە هونەرەکان و ئەنجامدانی چالاکییە جۆربەجۆرەکان و کردنی قوتابخانە بە ناوەندێکی ڕەنگاڵەیی ترس = ڕەوین و لەدڵا شیرینی فێرخواز. بۆیە لەم قوتابخانانەدا فێرخواز هان دەدرێت بە پشکنین و هزراندن و دەرک و هەستکردن بە جوانییەکانی خود و عەقڵ و ژیان. ناکرێت پەروەردە بە کایەیەکی دابڕاو لە جوانی و هونەرەکان لە قەڵەم بدەین، چونکە بەشێکی سەرەکیی فێربوون، لە ڕێگەی جوانی و هەستەکان و هونەرەکانەوە ڕوو دەدات. هونەرەکان وەک دەروازەی جوانناسی، ئەرکێکی پتەویان هەیە لە پەروەردە و قوتابخانەدا. پەروەردە گرنگییەکی تایبەت بە هونەرەکان و گەشەپێدانی هەستە جوانەکانی مرۆڤ دەدات. ئەمەیش ئامانجێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە کە پشت بە ڕۆڵی هونەر لە دروستکردنی کەسایەتیی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت. گرنگیدان بە هەستەکانی فێرخواز و لەبەرچاوگرتنی جوانی لە فەزای فێرکاریدا و، بەبایەخەوە سەیرکردنی وانەکانی هونەر و وەرزش و چالاکییە جەستەیی، هونەری، کەلتووری و ئەدەبییەکان، کاریگەریی ئەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی پەروەردە، بەرجەستەکردنی ئامانجی پەروەردەیی و بەرهەمهێنانی مرۆڤی داهێنەر و وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ڕۆژ و ژیان و تێگەشتن لە ئاراستە هاوچەرخەکانی دونیا.

## پێنجەم جوانی ناوەند و پێکهاتەکانی خوێندن:

بینای قوتابخانە و پێکهاتەکانی لە بواری پەروەردەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. فێرگە و قوتابخانە جێگرەوەی باشتری شوێنەکانی ترە بۆ منداڵ و فێرخواز، کە چاوەڕوان دەکرێت تیایاندا ڕەچاوی بارودۆخی ناسکی دەروونی و جەستەییانەی بۆ منداڵ و فێرخواز کرابێت. لە پەروەردەی هاوچەرخدا، گرنگی بە تەلارسازیی قوتابخانە دەدرێت و بیر لە دروستکردنی ژینگەیەک دەکرێتەوە کە کە جیاواز و جوانتر بێت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزان. چونکە شوێن، پەیوەندیی بە دروستکردن و چێکردنی کەسایەتی و ناسنامەی مرۆڤەوە هەیە و، قوتابخانەیش یەکەمین شوێنی گرنگە کە فێرخواز تیایدا خۆی دەناسێت و دەکەوێتە دروستکردنی ناسنامەی تایبەت بە خۆی.

ژینگە و تەلاری قوتابخانە بە هەموو بەشەکانییەوە، هەڵگری جۆرەها شێوەی هێمنی و بۆشایی و جوانی و ڕەنگاوڕەنگی و خاوێنی و هاندان و ترسڕەوێنە. هەر یەکە لە بەشەکانی، پراکتیزەی دڵنیایی و خۆشی لەسەر دەروونی منداڵ دەکەن. گرنگیدان بە بەش و پێکهاتەکانی قوتابخانە و ڕازاندوەیان بەو ئامرازانەی ئاسوودەیی و شادی دروست دەکەن، ترس لە منداڵ و فێرخوازدا دەکوژن. گرنگیدان بە جوانکردنی قوتابخانە، بە دیزانینی تەلاری قوتابخانە و ڕەچاوکردنی ورد و درشتی پێکهاتەکانی، لە خەمڕەوێنیی فێرخواز و شادومانی و دەرکەوتنی جوانیی دەروونیدا جێکەوتی دەبێت.

کاتێک لە قوتابخانەدا ڕەچاوی دۆخی دەروونیی فێرخواز و پەروەردە نەکرێت، دیواری بێوێنە و ڕەق، دەرگە و پەنجەرە و قوفڵەکان، ڕووبەری بێسەوزایی و بێڕۆح و گیان، بێتەوالێت و بێئاو بێتاقیگە و کتێبخانە، بێباخچە و بێگۆڕەپانی چالاکی، زیاتر بیابان بیری مرۆڤ دەخەنەوە، تا ژیانێکی ئاوەدان و پڕ لە وزەی ئەرێنی و چالاکی.

بۆیە کاریگەریی شوێن و بینای قوتابخانە کاریگەرییەکی بەهێزە لە پەروەردە و بونیادی کەسایەتیی منداڵ و فێرخۆاز. کاتێک منداڵ لە قوتابخانەیەکی زینداننئاسا و توندوتیژبەرهەمهێن و ترسناک و ناشیرین و دوور لە دونیای منداڵ فێر بکرێت، پرۆسەکە تێیدا کۆمەکی پەروەردەیەکی دروست و بونیادنەر نابێت؛ جۆرێک لە مرۆڤی ترساو و لاواز و ناشیرین بەرهەم دێت.

## کۆتایی

پەروەردە پرۆسەیەکی جوانە، ئەگەر بەها جوانەکان بکاتە ئامانجی بنەڕەتی و پرۆسەکە تێهەڵکێشی بنەما و هونەرە جوانەکان بکرێت. پەروەردە گرنگی بە کۆی جوانییەکان بدات و جوانی بکاتە میکانیزمی پەروەردە، حەز و جوانی و جوانناسی لە تاکدا کەشف دەکات و پەرە پێ دەدات و، بەرهەمی تاک و کۆمەڵگەیەکی جوان و هەڵگری بەها جوانەکانی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی دەبن.

نموونەی پەروەردەی جوان و سەرکەوتوو، لە دونیادا بوونی هەیە کە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی چەندین کۆمەڵگەی ئاسوودە و پێشکەوتوو و جوان و هاوچەرخ؛ وڵاتانی باکوور و ڕۆژاوای ئەوروپا، پەروەردەی هاوچەرخ و جوان تێیاندا کاری پێ دەکرێت. چەند گەلێکی تر لە دوای دواکەوتوویی و جەنگ و برسێتی و بەدبەختی توانیویانە لە ڕێگەی پەروەردەیەکی دروست و هاوچەرخ و جوانەوە کۆمەڵگەکەیان لە تاریکی و نەزانی و هەژاری و ناشیرینی ڕزگار بکەن و ببنە بەشێک لە گەلە کاریگەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لە نموونەی وڵاتانی ژاپۆن و مالیزیا و سەنگاپۆر و هتد.

لە هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆخەکە پێچەوانەیە؛ گرنگی بە پرۆسەی پەروەدە نادرێت و وەک فریادڕەسێک هانای بۆ نابردرێت و فەرامۆش کراوە. لە دەرەنجامی نەبوونی پەروەردەیەکی دروست و هاوچەرخ و جوان، تووشی کێشەی نەزانی و دواکەوتوویی و هەژاری و نەداری و چەقبەستوویی و ململانێ و تاوان دەبن و، گەلانێکی پەراوێزنشینن لە سەر سەکۆی جیهان، پەروەدەی لاوازی ئەم گەل و وڵاتانە بە کۆی تانوپۆی کۆمەڵگەوە بەدی دەکرێت.

١٤ - ٦ - ٢٠١٩

---

# پەروەردە و ستەمکاری

## پێشەکی

ستەمکاری، ئەو بابەتە ترسناکەیە کە مرۆڤ لە مێژووی دوورودرێژ خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. بەشی هەرە زۆری تۆماری مێژووی مرۆڤایەتی، ستەم و ستەمکارییە. لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا ستەم سەری هەڵداوە؛ لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا لەگەڵ مرۆڤ دەرگیرە. ستەم کێشەیەکی قووڵ و ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤایەتییە. خەمێکی بنەڕەتیی مرۆڤەکانە. لە هەمبەر ستەم و سەمکاریدا مرۆڤەکان دەبنە دوو کۆمەڵ: بەشێک لە مرۆڤ لە خەمی بەرپاکردن و چەسپاندنی ستەمدا هەوڵ و خەباتی کردووە، چونکە بەرژەوەندی و ژیان و پایەداربوونی، بە ستەمەوە دەست خستووە. کۆمەڵێکی تر لە مرۆڤەکان کە چەوساوە و قوربانیی ستەمن، خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشی بەردەوامیان دژ بە ستەم کردووە.

ئەم دیاردە ترسناکە هەمیشە هەڕەشەی لە بوونی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری کردووە؛ بووەتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ڕۆحی مرۆڤ و خودی ژیانیش. ستەمکاری، ئەو سیستەمەیە کە ئازادیی کەس و ئەگەرەکانی ژیان پایەماڵ دەکات؛ تیایدا مرۆڤ ناچار دەکرێت بە کەمترین شت و بە نزمترین ڕۆڵ ڕازی بێت و، تێیدا زەبروزەنگ و توندوتیژی و ڕەقی فەرمانڕەوایە. مرۆڤ دەخەسێنرێت و عەقڵ دیل دەکرێت؛ مرۆڤەکان دەبنە مرۆڤی ترساو و ترسنۆک کە ناتوانن ژیانێکی چاک و مرۆڤانە بژین.

مرۆڤ لە کۆنەوە تاکوو ئێستا لەگەڵ ستەمکاری دەرگیرە و لەگەڵ ستەم لە جەنگدایە و، لە ڕێگەی فەلسەفە و ئایین و پەروەردەوە مرۆڤ هەوڵ بۆ بنەبڕکردن و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی ستەمکاری دەدات. فەلسەفە وەک پڕۆژەیەکی عەقڵیی مرۆڤ، هەمیشە کێشەی لەگەڵ ستەمکاریدا هەبووە و ڕەوایەتیی ئەو دیاردەیەی هەڵوەشاندۆتەوە؛ هەروەها ئایینەکانیش لە قۆناغی پێکهاتنیاندا هۆکاری بەرەنگاربوونەوە و هەڵشاخان بوون بەڕووی ستەمکاریدا. پەروەردەیش وەک میکانیزم و پڕۆژەیەک بۆ بەرگرتن و دروستکردنی بەربەست لە بەردەم ستەمکاریدا کاری کردووە.

بەڵام هەر یەک لە فەلسەفە و ئایین و پەروەردە ڕۆڵ و کاریگەریی نەرێنییان لە بەرهەمهێنانی ستەمکاریدا بینیوە. لە هەندێک کات و حاڵەتدا سەرقاڵی بەشداریکردن دەبن لە بیناکردنی ستەمکاریدا، بە شێوازی جیاواز و بەهانەی جیاواز؛ بەتایبەت ئەو دەسەڵات و فەرمانڕەوایانەی ڕەوایەتییان لە خودی هەناوی کۆمەڵگە و تاکەکانییەوە وەرنەگرتبێت، ئەوا پێویستیان بە فۆرمێکی پیرۆزگەرایی و ئایینی و ڕەوایەتی و پەروەردەی تاکێکی گوێڕایەڵ بووە.

گەر سەیرێکی مێژووی یۆنانی کۆن بکەین کە دوو شاری یۆنانی بە ناوی "سپارتا" و "ئەسینا" هەبووە، سپارتا شارێکی گرنگی یۆنان بووە، بەڵام لەژێر حوکم و سێبەری سیستەمێکی سیاسی و سەربازیدا بووە. یەکێک لە سیماکانی شاری سپارتا زاڵبوونی سەربازگەرێتی بووە؛ واتە دانیشتووانەکەی بەسەربازی کراوە یان کۆمەڵگەیەکی سەربازی بووە. هەر بۆیەیشە ئەم شارە (سپارتا) خاوەنی فەیلەسووفێک نییە، بەڵام خاوەنی چەندین جەنەڕاڵ و سەرکردەی سەربازییە.

لە بەرامبەردا شاری ئەسینای یۆنانمان هەیە کە شارێکی دیموکرات و لیبراڵ و ناوەندی چالاکیی فەلسەفی و فەیلەسووفانی وەک سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ بووە. لێرەوە دوو وێنا دەبینین: وێنایەک کە شاری سپارتا ناوەندی دروستکردنی جەنگاوەرەکان و سیستەمێکی میلیتاریزمە و ناتوانێت ئازادیی عەقڵ و ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ بەرهەم بهێنێت؛ وێناکەی تر وێنای شاری ئەسینای یۆنانە کە فەلسەفە لە هەناویدا گەشە دەکات و ئازادیی فیکر و ڕاگۆڕینەوە فەراهەم دەکات.

ئێمە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر لێکەوتەکانی ستەمکاری لەسەر مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی لە ڕێگەی پەروەردەوە.

## لێکەوتەکانی ستەم و ستەمکاری

ئامانجی ستەمکار و دیکتاتۆرەکان ئەوەیە دەیانەوێت بە جۆرێک فەلسەفەی سیاسیی دەوڵەت دابڕێژرێتەوە، تیایدا کەمترین

ئـازادی بـۆ مرۆڤەکـان بڕەخسێت؛ نەبـادا مـرۆڤ و ئیـرادەی مـرۆڤ لە پەروەردەیەکـی ئـازاددا کورسی و پێگەکەی بـخەنە مەترسییەوە.

ستەمکارەکان لە ڕژێمە ستەمکارییەکاندا سەرەتا بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات دەست پێ دەکەن، داجار کێشەی ئاسایش دروست دەکەن وەک بەهانەیەک بۆ پاراستنی دەسەڵات؛ لێرەوە سیستەمێک دروست دەبێت سەرکوتکەر. حوکمکردن بەرمەبنـای تـرس و تۆقانـدن لە دەرەوەی یاسـا و ڕێککەوتنـی هاونیشـتمانیان، بەکارهێنـانی هێـز و چەک بـۆ سـەپاندنی شێوازێکی تـایبەتی لە دیـد و سیاسـەت و ئایـدیۆلۆژی و ڕێکخسـتنێکی یەک شێوازی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و سـەپاندنییەک گوتار، لە دەرەوەی گفتوگۆی مەدەنییانە و عەقڵییانەی فەرمانڕەوا و هاووڵاتی.

سیفەت و خاسیەتێکی تری ڕژێمە ستەمکارییەکان، بریتییە لە قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیـاری، زانیاری سەبارەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و چۆنێتیی کارکردنی دەسەڵات. بۆیە دەبینیین ستەمکارەکان بیروبۆچوون و عەقڵـی تاکەکـانی نێـو کـۆمەڵگە کـۆنترۆڵ دەکەن و، هەوڵـدەدەن یەک دیـد و تێـڕوانین بەسـەر هەمووانـدا بسـەپێنن. ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە ئازادییەکان و ملکەچکردنی هاونیشتمانیان لە ڕێگەی بڕیار و فەرمانە هەڕەمەکییەکانەوە.

بە پشتگوێخسـتنی ئەرکە مەدەنییەکـان و ئەخلاقـی مەدەنـی کە لە بەرژەوەنـدیی بـواری گشـتین، هـاووڵاتی بەرامبەر ئەرکە سیاسـی و مەدەنییەکـان نەزان دەبێـت و، لە سیاسـەت دوورەپەرێـز دەبێـت؛ کە ئەمە ئامـانجێکی بنەڕەتیـی دیکتـاتۆر و فەرمانڕەوا ستەمکارەکانە. ئەو کاتەی هاووڵاتیان دەستبەرداری ئازادیی خۆیان دەبن، ستەمکارەکان دەتوانن لەژێر هەر نـاو و دروشمێکدا بێت، کۆت و زنجیر بهاوێنە سەر مل و دەست و قـاچ و ڕۆحی ئینسـانەکان. ستەمکاری، لەنـاوبردنی ئەخلاقـی مەدەنی و ئازادی و کردنی مرۆڤەکانە بە مێگەل. تاکێک کە تەنیـا جێبەجێکردنـی فەرمـانی لەسەرە، نە دەبێتە ئەنـدامێکی چالاکی نێو کۆمەڵگە و، نەک کەسێک کە لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بەشدارە.

ستەمکاری، سیسـتەمێکی ئـاڵۆز و فرەڕەهەنـدە و تـا ئێسـتا خـۆی بە کۆمەڵێـک شێوە و بەرگـی جیـاوازەوە و بە پرەنسیپ و بەهانەی جیاوەزەوە لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ئاشکرا کردووە. لە مێـژوودا لە شێوەی حوکمی ئیمپراتـۆر و پاشا و سوڵـتانی دەسەڵاتبێسنوور خۆی بەیان کردووە. لە ڕۆژگاری ئێستا و دونیـای مۆدێرنـدا بە نـاوی ئـازادی و دیموکراسییەوە خۆی نمـایش دەکات.

ستەمکاریی مۆدێرن، خۆی بە ئایدیۆلۆژییەوە دەخاتە ڕوو و، زانست و تەکنەلۆژیی لەبەردەستدایە، کە ئەمە توانا و

ترسناکی و دڕندەییی ستەمکاریی چەند جار بەهێز کردووە. ستەمکاری بە کۆمەکی زانست و تەکنەلۆژی، ئاسانتر و خێراتر کۆمەڵگە و ئیرادەی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ دەکات.

ستەمکاری ڕێگە لە دروستبوونی حەز و خولیا و و ئیرادەی جیاواز دەگرێت و، زەوق و حەزێکی یەکڕەنگی ناشیرین دەسەپێنێ. ئەو جۆرە لە بیرکرنەوە و چالاکییەی کە خۆی دەیەوێت، دەسەپێنێت. ستەمکاری وەک کێشەیەک تەنیا سیاسی نییە، بەڵکوو سیستەمێکی خراپی سیاسی و کارگێڕی جێبەجێ دەکات؛ بە جۆرێک ڕیشەی خۆی بە ناو کۆی دامودەزگەکانی دەوڵەتدا شۆڕ دەکاتەوە و دادەکوتێ، بە شێوەیەک ستەمکاری دەبێتە خوو و ئەخلاقی خەڵک و دونیابینینیان. بۆیە ستەمکاری دەبێتە شێوازی ژیانیان.

یەکێک لە هەستیارترین دەزگەکان کە سیستەمی ستەمکاری کۆنترۆڵی دەکات و ئاراستەی دەکات، دەزگەی پەروەردە و فێرکردنە. هەمیشە دیکتاتۆر و ستەمکارەکان ترسیان لە پەروەردە و ئەم دەزگەیە هەیە، کە بە پێگەیاندنی تاکی ئازاد و ئازا و بەئیرادە و ڕۆشنبیر، پایەکانی ستەمکاری لەرزۆک دەکەن بۆیە قۆرخکردنی جومگە و شوێنە پەروەردەییەکان دەبێتە ئامانجی یەکەمی ستەمکار، تا لە ڕێیەوە پرۆسەی بێدەنگکردن و کۆیلەکردنی ئیرادەی تاک دەستەبەر بکات؛ لەو پێناوەی درێژە بە دەسەڵات و ستەمی خۆی بەسەر قەڵەمڕەوانیدا بکات و، تا لەسەر هەمان ئاواز لەگەڵ ویستی تاکڕەو و ستەمکارەکاندا بسازێن و بوونی خۆیان لە بوونی فەرمانڕەوادا ببیننەوە.

کۆی سیستەمی پەروەردە و بونیادی سیاسی و ئابووری، تێکڕا پەیوەندییەکی قووڵ و کاریگەری بە سەلەبەری بواری حوکمڕانی و ژیانی شارستانیی هاووڵاتیان و فەزای گشتییەوە هەیە.

نموونەی قۆرخکردنی پەروەردە لە لایەن سیستەمی سیاسیی ستەمکارەوە، سیستەمی سیاسیی فاشی و ستەمکاریی بەعسە. بەعس سوودی لە پێکهاتەکانی پەروەردە وەرگرتبوو؛ لە پرۆگرام و مامۆستا و ئامانجی پەروەردە و هتد.

قوتابی لەم سیستەمەدا - سیستەمی دیکتاتۆریی بەعس - قەرزاربارى سەرۆک دەکرا، کە ئەوەی دەیخوێنێت و هەیەتی و بەدەستی دەهێنێت، لە بەخشندەییی سەرۆکە. ئامانجی بەعس لە پەروەردەدا بەرهەمهێنانی تاکی بێئیرادە و ترساو بوو و، ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بە یەک ڕەنگ و کۆکردنەوەیان لە شێوەی مێگەلێکدا، تا هەمیشە کۆنترۆڵ و چەپاندنیان بۆ سیستەم مسۆگەر بێت.



سەرچاوە
Serchawe

ستەمکاری، ڕەگ و ڕیشە لەناو دامودەزگە کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە ڕۆحی مرۆڤیشدا دادەکوتێ، بۆیە لە جیاتی ئەوەی ستەمکارێک لە سەرەوەی هەڕەمەکە بێت، سەدان و بگرە هەزاران ستەمکاری بچووک دروست دەبن؛ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە پەیوەندیی خێزانی و ژن و مێردەوە، لە پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابیدا، لە پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

بۆیە دۆستایەتی و خۆشەویستی و متمانە و ژیانیش لە سایەی ستەمکاریدا مەحاڵە. لەبەر ئەوەی ستەمکاری، تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو کێشەیەکی ئەخلاقی و دەروونی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە و، هیچ شتێک نییە لە ژیانی خەڵکدا ئاسایی و سروشتی بێت.

لە سیستەمی ستەمکاریدا کە تێکدەری ژیانی سروشتی و ئەخلاقی و گەشەکردووە، خەڵکانی ناو سیستەمی ستەمکاری بە بوغز و ڕق و کینە و گومان و تۆڵە و فێڵکردن پەروەردە دەکرێن. ستەمکار مرۆڤێکی دەروون و ڕۆحنەخۆش پێ دەگەیەنێت کە بەبێ نەفرەت و تۆڵە ناتوانێت بژی؛ بۆیە مرۆڤە نەخۆش و ستەمکارەکان دروست دەبن، نەک هاوڕێ و دۆستایەتی.

سیستەمی سیاسیی ستەمکار، ژیان لە خەڵک بچووک دەکاتەوە و دەرگەکانی گەشەکردن و دەرفەت دادەخات، هەناسەی ئازادی لە خەڵک دەبڕێت و نەزانی و هەژاری و بێئیرادەیی بڵاو دەکاتەوە؛ بە جۆرێک ژیان دەکاتە دۆزەخێک بۆ هاونیشتمانیان و، بە جۆرێک باریان دەهێنێت کە مانەوە و فەرمانڕەوایی مسۆگەر بێت.

## پەروەردە؛ میکانیزمێک بۆ وەستانی ستەمکاری

فەلسەفەی پەروەردە وەک پرۆژەیەکی عەقڵی و دانایی مرۆڤ، بە درێژایی مێژوو کێشەی لەگەڵ ستەمکاریدا هەبووە. فەلسەفەی پەروەردە، ستەمکاریی وەک سیستەمێکی سیاسیی نەگونجاو و پڕ لە تەڵزگە ناساندووە. دیسانەوەیش فەلسەفەی پەروەردە هۆکارێک بووە بۆ بەرگرتن لە ستەمکاری و چاککردنی ئەم سیستەمە. لەبەر ئەوەی پەروەردە بە کردارکردن و پێڕەوکردنی فەلسەفە دەدانرێت، هەر بۆیە فەلسەفە پەروەردە پێشنیاز دەکات، وەک پرۆژە و میکانیزمێک بۆ بەرپێگرتن و دروستکردنی لەمپەر و بەربەست لە بەردەم ستەمکاریدا.

ستەم و هەژاری و نەزانی، دەرەنجامی ستەم و سیستەمی سیاسیی ستەمکارە، بۆیە ئەم سیستەمە هەوڵ بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی پەروەردە و ناوەندەکانی فێربوون دەدات. بۆیە کاتێک لە ڕێگەی پەروەردەی تۆکمە و دروستەوە چارەسەری

نەزانی و نەفامی کرا، ئەوا وەک دەرەنجامێک ستەمکار هەرەس دێنێت و ژینگەی گەشەکردنی ستەم لەبار نابێت، چونکە ئەوە زانستە، کەمی و نەنگی و لاوازیی ستەمکار و و دیکتاتۆر ئاشکرا دەکات؛ ئەوە پەروەردەی ئازاد و دروستە مرۆڤی ئازا و وریا و بەهێز و دادپەروەر بەرهەم دێنێت کە ڕێگە بە دروستبوونی ستەم و ستەمکاری نادەن.

هەمیشە دژیەکییەکی ڕوون لە نێوان پەروەردەی ئازاد و دروست و ستەمکارەکاندا هەیە، چونکە پەروەردە ئاوێنەیەکە بونیادەکانی ستەم و ستەمکاری پێچەوانە دەکاتەوە. پەروەردە وەک پرۆسەیەک کە فێرکردن و مەشقپێکردن و پەروەردەکردنی سەراپاگیری مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت، ڕێگە بە دروستبوونی تاکی ترسنۆک و نەزان و ستەمکار نادات.

پەروەردەی مەدەنی و هاوچەرخ، مرۆڤ لە بوونێکی خامەوە دەکات بە هاونیشتمانی، پڕچەک بە بەها باڵاکان و ئەخلاقی مەدەنی؛ هاونیشتمانییەک کە دەزانێت چۆن بەدادگەرییەوە فەرمانڕەوایی بکات و چۆنیش فەرمانڕەوایی بکرێت؛ چونکە تەنیا پەروەردەیە مرۆڤ وا لێ دەکات بگونجێ لەگەڵ جیهاندا، لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ ناکۆکی و جیاوازییەکاندا. بۆیە پەروەردە هاووڵاتیی باش و فەرمانڕەوای باش پەروەردە دەکات کە دەبنە سوودی گشتی و دابینکەری چاکەی گشتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی.

پەروەردەی هاچەرخ و لیبراڵ جەخت لەوە دەکاتەوە، ناشێت پەروەردە و فێرکردن کورت بکرێتەوە بۆ لێهاتووییەکانی وەک پزیشکی، ئەندازیاری، کشتوکاڵی و تەکنەلۆژی، بەڵکوو پەروەردە ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ دەکات بە تاکێکی ئازاد، بەها بەرزەکان لە مرۆڤدا گەشە پێ دەدات، مرۆڤ دەکاتە تاکێکی لێبووردە، ئازا، دادپەروەر، جوامێر و لێپرسراو و، تاکێک لە خەمی ژیان و چاکەی گشتیدا بێ؛ مرۆڤانێک کە دەستبار و کۆمەککار بن لە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە ستەم و نەزانی و ئازار.

بۆیە دەوڵەت و کۆمەڵگە چاو لەم دەزگەیە دەبڕن، چونکە ئەم دەزگە و پرۆسەیە - پەروەردە - تاک بۆ دونیای گشتی ئامادە دەکات و، بۆ گەشەکردنی توانا زانستی و عەقڵی و ڕەفتارییەکان مەشقیان پێ دەکات.

دروستکردنی هاووڵاتییەکی چاک کە لە بیری کێشەکانی کۆمەڵگەدا بێت، ئامانجی پەروەردەی دروست و هاچەرخە؛ واتە دروستکردن و پەروەردەکردنی کاراکتەرێک کە مەحاڵە بۆ ستەمکاری مل بدات و بتوانێت لەناو سیستەمی ستەمکاریدا بژی. بۆیە پەروەردە ڕزگارکەری مرۆڤەکانە لەناو لەپی ستەمکاردا و، دەرهێنانیانە لە تەوقی کۆیلایەتی و دەستەمۆیی.

کەواتە پەروەردە فاکتەرێکە بۆ بەدەستەهێنانی ئازادیی ڕاستەقینە و هۆشیارکەرەوەی هەستی سیاسیی تاک. لەبەر ئەوە سیستەمی سیاسیی دیکتاتۆر و ستەمکار، ناتوانێت تاکی پەروەردەکراو بە دروشمی درۆ و ئایدیۆلۆژی و نیشتمانی لەخشتە بەرێت. هاووڵاتییەکی بەرهەمی سیستەمێکی پەروەردەییی دروست و مەدەنی، ئاسان بۆ ستەمکار ڕام ناکرێت؛ بۆیە سیستەمی ستەمکاری لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن پەروەردەی هاوچەرخ، ناتوانێت پایەکانی بونیاد بنێت.

کۆمەڵگەیەک لە لایەن سیستەمێکی سیاسیی ستەمکارەوە فەرمانڕەوایی بکرێت، لێوانلێو دەبێت لە قەیران؛ قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیکری و ڕۆحی. هەروەها ئەو کۆمەڵگەیە گیر دەخوات و ژیانی تاکەکانی پڕ دەبێت لە ئازار و ماندووبوون. لێرەوە تاکە فریادڕەس و ڕزگارکەر لەو قەیرانە قووڵانە، هیچ نییە جگە لە پەروەدەی لیبراڵ و هاوچەرخ.

## کۆتایی

ستەمکاری، هەمیشە ئەگەرێکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کۆمەڵگەکاندا. لە مێژووی دووری مرۆڤایەتییەوە، ستەمکاری، جۆری فەرمانڕەواییی زۆربەی کۆمەڵگەکان بووە. ستەمکاری بە بەهانەی جیاواز و بەرگی جیاوازەوە خۆی سەپاندووە؛ ستەمکاری، کۆمەڵگەکانی ماندوو کردووە و، دەرفەتی ژیانێکی مرۆڤانەی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە نەداوە؛ مرۆڤەکانی لە مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەکان بێبەش کردووە؛ کۆمەڵگەکانی نوقمی چەندین کارەسات و قەیران کردووە؛ جەنگ وماڵوێرانی و قوربانی، هەمیشە دەرەنجامی هەڵەی ستەمکاری بووە. فەرمانڕەوای ستەمکار لە ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندی و فەرمانڕەوایەتی، دەستی ئاوەڵا بووە لە خنکاندنی ئازادیی مرۆڤ و کۆتوبەندکردنیان. لە پێناو بەردەوامی و مسۆگەربوونی کورسیی حوکمڕانییان، ستەمکارەکان دەست دەخەنە کۆی دامودەزگەکانی کۆمەڵگە؛ یەک لەوان دەزگەی پەروەردە و فێرکردنە. ئەم دەزگەیە دەکاتە بنکەیەکی مەشقکردن؛ سەربازگەیەک بۆ ڕاهێنانی خەڵکی لە پەیڕەوکردنی حەز و خولیای دیکتاتۆر، یان ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو، بە ئامانجی پێگەیاندنی کەسانێک کە هاوکاری پایەداری و مسۆگەربوونی ئەم سیستەمە بن.

لە هەمان کاتدا پرۆسەی پەروەردە و ناوەندەکانی فێربوون، دژ و پێچەوانەی سیستەمی سیاسیی خراپ و ستەمکارن. بۆ سنووردارکردن و ڕێگەگرتن لە ستەمکاری، پەروەردەی لیبراڵ و هاوچەرخ پێشنیاز دەکرێت؛ چونکە ئەم پەروەردەیە تاکێک بەرهەم دەهێنێت، توند بەگژ ستەمکاریدا دەچێت و دەرفەتی دروستبوونی ستەم نادات. تاکێک بە هۆشیاریی سیاسی و بوونی بەهای ئازایەتی و ئازادی و چاکەی گشتی، دەبێتە لەمپەر و بەربەست لە دروستبوونی ستەم و ستەمکاری.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی پینووس - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٢ی کوردی = جوونی ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە وێنەکە: فێستیڤاڵی منداڵان لە سلێمانی